# دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا

## (توێژینەوەیەکی شیکاری- بەراوردکارییە)

م. ی. هێمن رسول مراد

زانکۆی راپەڕین

فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان– بەشی یاسا

## پێشەکی

### یەکەم: ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە

دەستور وەك باڵاترین یاسا لە هەر وڵاتێکدا، سنوری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان دەکێشێت و رادەی کاریگەری هەر دەسەڵاتێکیش دیاری دەکات.

دەسەڵاتی سەرۆکیش، لە هەر سیستمێکی حوکمڕانیی دیموکراسیدا بە خاڵی دیارو جیاکەرەوەی سیستمی ئەو وڵاتە دادەنرێت، چون لە رێگەی زانین و وردبوونەوە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، کاریگەری و باڵادەستیی هەرسێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) دەردەکەوێت، لەگەڵ رادەی پەیوەندی و هاریکاریی نێوانیان و چاودێریی هەر دەسەڵاتێك بۆ سەر دەسەڵاتەکەی تر، ئایا کام دەسەڵاتە کاریگەری بەسەر ئەویتریانەوە هەیە، هاوسەنگیی دەسەڵات لە وڵاتدا بە قازانجی کام لایەنە لاسەنگە؟

سەرەنجام یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی بزانرێت ئەم سیستمی حوکمڕانییە کام جۆری سیستمی دیموکراسیی نوێنەرایەتییە، کە لە دنیادا باوە (پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی، تێکەڵاو)، بەتایبەت کە هەر سیستمەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی عێراقدا، دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ مافی بونی دەستوری پێبەخشیوە، بە کردەوەش پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پرۆژەدەستورێکی پەسەند کرد، تێیدا سنور و دەسەڵاتی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جیبەجێکردن، دادوەری) و چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم وەك باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاریکردووە.

## دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی سەرۆك لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان، و تیشکخستنەسەر هەموو ئەو ماددانەی کە پەیوەندیدارن بە سەرۆکی هەرێم لەگەڵ شیکردنەوەیان، ئایا ئەم دەسەڵاتانە دەگونجێن لەگەڵ سیستمی حوکمڕانیی کوردستاندا، کە لە ماددەی (١) ی پرۆژەی دەستورەکەدا بە پەرلەمانی ناوی هاتووە؟

ئامانجێکی تری توێژینەوەکە بەشداریکردن و هاوکاریکردنی هەر هەوڵێکە کە لە ئایندەدا دەدرێت بە هەموار یان گۆڕینی هەر ماددە و برگەیەك کە پەیوەندی بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمەوە بێت، چونکە دەستوری هەریمی کوردستان، سەرەڕای پەسەندکردنی لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، هێشتا هەر پرۆژەیەو شایانی دەستکاری و هەموارکردنە، تاکو ئەوکاتەی لە راپرسییەکی گشتیدا لە لایەن زۆرینەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانەوە پەسەنددەکرێت.

## سێیەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە، باسی دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت دەکات لە چوار سیستمی دیموکراسیی نوێنەرایەتی، کە لە دنیادا باوە، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا.

## چوارەم: کێشەی توێژینەوەکە

ئەو کێشەیەی توێژینەوەکە دەیەوێت بیخاتە بەرباس و شیکردنەوەی بۆ بکات، چۆنێتیی چارەسەرکردنی ئەو ماددە دەستورییانەیە کە لە پرۆژەدەستوری هەرێمدا هاتوون و تایبەتن بە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، بە جۆرێك رەنگدانەوەی سیستمی پەرلەمانی بێت، بە تایبەت کە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە، بەڵام هیچ بەرپرسیارێتیکی لەسەر شان نیە.

## پێنجەم: رێبازی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە پشتیبەستووە بە هەردو رێبازی شیکاری و بەراوردکاری، کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لە سیستمە دیموکراسییەکاندا شیکردۆتەوە، و بەراوردی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمە دیموکراسییە جیاوازەکاندا.

## شەشەم: پەیکەری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە دابەشبووە بەسەر دوو باسی سەرەکیدا، لە باسی یەکەمدا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمەکانی: پەرلەمانی، سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی، تێکەڵاو باسکراوەو شیکراوەتەوە، هەرچی باسی دووەمیشە تایبەتە بە شیکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا.

توێژینەوەکە بە کۆمەڵێك دەرەنجام و راسپاردە کۆتایی دێت، کە توێژەر پێیوایە لەبەرچاوگرتنیان پێویست و گرنگە.

## باسی یەكەم:

## سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمە دیموكراسییەكاندا

سیستمی جیاوازی حكومڕانی لە رژێمە دیموكراسییەكاندا پەیڕەودەكرێت، كە هەر یەكێكیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە رووی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەكان لە دەوڵەتدا: (یاسادانان، جێبەجێكردن، دادوەری)، ئەم سیستمانەش بریتین لە سیستمی (پەرلەمانی، سەرۆكایەتی، ئەنجومەنی، تێكەڵاو)، كە لەم باسەدا دەسەڵاتەكانی سەرۆكی دەوڵەت لە هەر یەكێكیاندا شیدەكرێتەوە.

### داخوازی یەكەم:

### سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمی پەرلەمانیدا

سیستمی پەرلەمانی، شێوازێكی حكومڕانیی دیموكراسییە، كە لەسەر بنەمای هاوسەنگی و هاوكاریی نێوان دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن، بوونی دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێكردن (سەرۆكی دەوڵەت و ئەنجومەنی وەزیران)، بەرپرسیارێتی بە كۆمەڵی وەزیرەكان و نەبوونی بەرپرسیارێتیی سەرۆكی دەوڵەت دامەزراوە[(١)].

لەمجۆرە سیستمەدا دەكرێت پاشا ببێتە سەرۆكی دەوڵەت، كە بە میرات ئەو پۆستە وەردەگرێت (وەك بریتانیا)، یان كەسێكی هەڵبژێردراو لەلایەن پەرلەمانەوە ببێتە سەرۆك (وەك دەستوری عیراق، ساڵی ٢٠٠٥)، یاخود لە رێگەی دەستەیەكی تایبەتەوە بە هاوبەشی لەگەڵ پەرلەمان سەرۆك هەڵدەبژێردرێت (وەك دەستوری هند، ساڵی ١٩٤٧)[(٢)].

سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمی پاشایەتیدا لە روی سیاسی و سزاییەوە بەرپرسیار نیە، لەكاتێكدا لە سیستمی كۆمارییدا سەرۆك تەنها لە روی سیاسییەوە بەرپرس نیە[(٣)]. لەم سیستمەدا سەرۆكی دەوڵەت كۆمەڵێ دەسەڵات لە بوارە جیاوازەكاندا پەیڕەودەكات، كە گرنگترینیان بریتین لە:

**یەكەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری جێبەجێكردندا:**

سەرۆكی دەوڵەت لە سیستمی پەرلەمانیدا كەسێكی جیایە لە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، كاردەكات بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەكان لە دەوڵەتدا و ئاڕاستەكردنیان، دەربارەی دەسەڵاتەكانی سەرۆك لە بواری جێبەجێكردندا دوو بۆچونی جیاواز هەیە، یەكەمیان رۆڵی سەرۆك لەم بوارەدا بە نائەكتیڤ (سلبی) دادەنێت و پێیوایە، رۆڵی سەرۆك رۆڵێكی ئەدەبییە بە ئاڕاستەكردنی ئامۆژگاری و رێنوێنی بۆ دامودەزگاكانی دەوڵەت، بە بێ بوونی هیچ دەسەڵاتێكی كردەیی و راستەوخۆ لەو بوارەدا، چونكە سەرۆك باڵادەستە و حوكمناكات (الملك يسود ولا يحكم) و بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی كردەییەوە بەرپرسیارێتیی سیاسی نیە.

---

(١) د.عبدالحميد متولي، القانون الدستوري والأنظمة السياسية، ج١، ط٤، دار المعارف، بدون مكان نشر، ١٩٦٦، ص٣١٣-٣١٤.

(٢) لطيف مصطفى أمين، مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقها في الدساتير العراقية، منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية، ٢٠٠٧، ص١٧٧- ١٧٨.

(٣) د. السيد الصبري، مبادىء القانون الدستوري، ط٤، القاهرة، ١٩٤٩، ص١٨٨.

هەرچی بۆچوونی دووەمە پێیوایە، كە هیچ دژیەكییەك نیە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا، كاتێك سەرۆكی دەوڵەت بەشداری لە كاروباری دەسەڵاتی جێبەجێكردندا دەكات، بە مەرجی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی دەستێوەردانی سەرۆك لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران و داپۆشینی، هەروەها سەرۆك و كارەكانی نەبێتە هۆی بابەتی گفتوگۆ لە بەردەم پەرلەمان و رایگشتیدا، و كارەكە شێوەیەكی نهێنی هەبێت و وەك ئەوە وابێت كە كاری وەزارەت (كابینە) خۆیەتی[٤]. سەرەڕای بونی بۆچونی جیاواز لەسەر رۆڵی سەرۆك، بەڵام سەرۆك ئەم دەسەڵاتانە لە بواری دەسەڵاتی جێبەجێكردندا پەیڕەودەكات:

١. دانانی سەرۆك وەزیران:

هەرچەندە بوونی سیستمی دوو پارتی و چڕبوونەوەی ململانێی هەڵبژاردن لە نێوان پارتی پارێزگاران و پارتی لیبراڵ (یاخود پارتی پارێزگاران و پارتی كرێكاران لە ئێستادا) لە بریتانیادا، تاڕادەیەكی زۆر دەسەڵاتی پاشای لەم بوارەدا بەرتەسككردۆتەوەو ناچاریكردووە كە سەرۆكی پارتی زۆرینە لە پەرلەماندا رابسپێرێت بۆ پێكهێنانی حكومەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیاریكردنی سەرۆك وەزیران بە ئیمتیازێكی تەقلیدی تاج[٥] لە بریتانیادا دادەنرێت، بەتایبەت كاتێك هیچ یەكێك لە پارتەكان نەتوانن بە تەنها حكومەت پێكبهێنن و پێویستیان بە دروستكردنی ئیتیلاف هەبێت[٦].

٢. رەتكردنەوەی دەستلەكاركێشانەوەی وەزارەت (كابینە):

لە كۆندا، پاشای بریتانیا دەسەڵاتی قبوڵ یان رەتكردنەوەی كابینەی وەزارەتی هەبوو، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی پێشكەوتنی سیستمی پەرلەمانییەوە پاشا ئەم دەسەڵاتەی نەماوەو ناتوانێت كابینەی وەزارەت رەتبكاتەوە[٧].

٣. دەستپێلەكاركیشانەوەی وەزارەت (إقالة):

پاشا لە بریتانیا دەیتوانی وەزارەت ناچاری دەستلەكاركێشانەوە بكات، چونكە وەزیرەكان وەك راوێژكار لەوكاتەدا سەیریاندەكرا، بەڵام لە دوای جێگیربوونی بەرپرسیارێتیی وەزارەت لە بەردەم پەرلەماندا لە ساڵی ١٧٨٣ پاشا دەسەڵاتی دەستپێلەكاركێشانەوەی وەزارەتی نەما و پەرلەمان لە دوای ئەو مێژووەوە بووە خاوەنی ئەم دەسەڵاتە[٨].

٤. وتاری عەرش:

جاران پاشا رۆڵی گرنگی هەبوو لە دانانی وتاری عەرش، و لەلایەن خۆیشیەوە لە كاتی مەراسیمی كردنەوەی خولی تازەی پەرلەماندا پێشكەشدەكرا، بەڵام لە ئێستادا وتاری عەرش وەك بەرنامەی سیاسیی حكومەت حسابی بۆ دەكرێت و لەلایەن

---

[٤] د. محسين خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، بدون مكان نشر، ١٩٨٧، ص٥٦٠–٥٦٢.

[٥] جیاوازی لە نێوان (شا) یاخود (شاژن) وەك كەسێكی سروشتی و (تاج) هەیە، كە بریتییە لە كۆمەڵێك دەسەڵات و دامەزراوەی یاسایی. د. پێشەوا حميد عبدالله، المسؤولية السياسية للسلطة التنفيذية في النظام البرلماني، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣، ص١٦٧.

[٦] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٥، ص٥٩.

[٧] لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، أطروحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة بجامعة السليمانية، ٢٠١٠، ص١٨١.

[٨] د. محمد عبدالحميد أبو زيد، توازن السلطات ورقابتها، دار النسر الذهبي للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣، ص١٤٠.

پاشا و وەزارەتەوە دادەنرێت، بە شێوەیەك كە پاشا سەیری وتارەكە دەكات بۆ پێدانی پێشنیاز یاخود پەلپێگرتنی (الإعتراض)[٩].

٥. بەخشینی میدالیای پاشایەتی:

پاشای بریتانیا دەسەڵاتی بەخشینی میدالیای پاشایەتی هەیە بەو كەسانەی بە شایەنیان دەزانێت، كە زۆربەی كات راوێژ لە گەڵ سەرۆك وەزیران دەكات، و بەخشینەكەش وا باوە لە بۆنەیەكی تایبەت بە پاشا دەبێت، وەك رۆژی لە دایكبونی یان دانیشتنی لە سەر تەخت[١٠].

٦. دانان لە پۆستی گشتیدا:

دانان لە هەندێ پۆستی گەورەی بواری سەربازی، یان شارستانی یاخود كەنیسە بە یەكێك لە دەسەڵاتەكانی تاج لە بریتانیا دادەنرا، بەڵام لەگەڵ جێگیربوونی بەرپرسیارێتیی وەزارەت ئەم دەسەڵاتانە بەرە بەرە كەمبوونەوەو گواسترانەوە بۆ وەزارەت[١١].

**دووەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری دەسەڵاتی یاسادانانـدا**

١. بانگهێشتی پەرلەمان بۆ دەستپێكردنی كۆبونەوە:

دەستورە پەرلەمانییەكان دەسەڵاتی بانگهێشتكردنی پەرلەمانیان بۆ دەستپێكردنی كۆبونەوە بە سەرۆكی دەوڵەت بەخشیوە لە ماوەیەكی دیاریكراودا، بەڵام ئەگەر لەو ماوەیەدا سەرۆك بانگهێشتی پەرلەمانی نەكرد بۆ كۆبونەوە، ئەوا پەرلەمان بە حوكمی یاسا كۆدەبێتەوە[١٢].

٢. پێشنیازكردنی یاسا:

لە سەرەتا، پێشنیازكردنی یاسا بە تەنها دەسەڵاتی پاشا خۆی بوو، بەڵام لە دوای دەرچونی (ماگنا كارتا) لە ساڵی ١٢١٥دا، پەرلەمان مافی بەشداریكردنی لە پێشنیازكردنی یاساكاندا بە دەستهێنا لە رێگەی پێشكەشكردنی داواكاری (العرائض)، كە پاشا ناچار نەبوو پابەندیان بێت، تەنها لە حاڵەتی سەپاندنی باجی نوێ نەبێت، كە پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندیی پەرلەمان دەكرد[١٣].

٣. رەتكردنەوەی یاساكان (الاعتراض على القوانين):

سەرۆكی دەوڵەت ئەو یاسایانە دەردەكات كە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەنددەكرێن، هەروەها مافی رەتكردنەوەی ئەو یاسایانەی هەیە و دەتوانێت بیانگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆ دووبارە چاوپێداخشاندنەوەی[١٤].

---

[٩] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص٥٩–٦٠.

[١٠] لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص١٨٣.

[١١] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص٦٢.

[١٢] د. محمد عبدالحميد أبو زيد، مصدر سابق، ص١٨٠.

[١٣] د. ڤێشتوا حميد عبدالله، مصدر سابق، ص١٦٨.

[١٤] د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، النظم السياسية، ط٥، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٢، ص٢٩١.

٤. هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان:

لە کاتی بونی ناکۆکی لە نێوان سەرۆک و پەرلەماندا، سەرۆک، پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە، لە سەرەتاشدا کابینەی وەزارەت کە پاڵپشتی زۆرینەی پەرلەمانی هەیە، لادەبات و لە جێگەیدا کابینەیەك لە کەمینەی پەرلەمان، یان لە دەرەوەی پەرلەمان رادەسپێرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، تا ئەو کاتەی رای گەل لە هەڵبژاردنێکی نوێدا وەردەگیرێت[١٥].

٥. دانانی ئەشراف (تنصیب الاشراف):

دانانی ئەشرافەکان لە ئەنجومەنی لۆردەکان، یەکێك لە دەسەڵاتە دێرینەکانی تاج بووە لە بریتانیادا، کاتێك ئەنجومەنی لۆردەکان پرۆژەیاسایەکی گرنگی رەتدەکردەوە، کە ئەنجومەنی گشتی پەسەندیدەکرد، پاشا چەند ئەندامێکی لە ئەنجومەنی لۆردەکان دادەمەزراند، بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرینە لە ئەنجومەنەکە بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەیاساکە[١٦].

**سێیەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری دەسەڵاتی دادوەریدا**

١. بڕیاری لێبوردن:

پاشا بە راوێژ لەگەڵ وەزیری ناوخۆ دەسەڵاتی لێخۆشبونی هەیە لەو کەسانەی کە تاوانێك ئەنجامدەدەن، جا ئەم لێخۆشبونە پێش دەرچونی بڕیاری تاوانبارکردن، یان دوای دەرچونی بڕیارەکە بێت[١٧].

٢. دانانی دادوەرەکان:

لە بریتانیا، وەزارەت دادوەرەکانی دادگای باڵا دادەنێت، پاش وەرگرتنی رەزامەندییەکی رواڵەتی (شکلی)ی پاشا[١٨].

**چوارەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری دەرەوەدا**

١. پەسەندکردنی پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان:

سەرۆك، پەیماننامە و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان پەسەنددەکات، ئەمەش دوای رەزامەندیی ئەنجومەنی نوێنەران[١٩].

٢. قبوڵکردنی باڵیۆزەکان:

سەرۆکی وڵات پێشوازی لە باڵیۆزانی وڵاتان دەکات و کارنامەی کارکردنیان وەردەگرێت[٢٠].

**پێنجەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری جەنگیدا**

سەرۆکی دەوڵەت سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان دەکات لە کاتی بۆنەو مەبەستە پرۆتۆکۆڵییەکاندا[٢١].

---

(١٥) دانا عبدالكريم سعيد، حل البرلمان وأثاره القانونية على مبدأ استمرارية أعمال الدولة، ط١، المؤسسة الحدية للكتاب، طرابلس– لبنان، ٢٠١٠، ص٥٨.

(١٦) د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني ، مصدر سابق، ص٥٨.

(١٧) لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص١٨٣.

(١٨) هەمان سەرضاوة، هەمان لاثەرە.

(١٩) ماددەی (٧٣)/ دووەم لە دەستوری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

(٢٠) ماددەی (٧٣)/ شەشەم لە دەستوری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

(٢١) ماددەی (٧٣)/ نۆیەم لە دەستوری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

## داخوازی دووەم

## سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی سەرۆکایەتیدا

لە سیستمی سەرۆکایەتییدا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن خۆی لە سەرۆکی دەوڵەتدا دەبینێتەوە، کە سەرۆک لە یەککاتدا سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەتیشە، سەرۆك، دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە لە گەل وەردەگرێت، و ئەمەش دەیکاتە خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوان، لەم سیستمەدا جیاکردنەوەیەکی تەواو هەیە لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، کە نە دەسەڵاتی یاسادانان ماف لێپرسینەوەی سەرۆکی هەیە، و نە سەرۆکیش ماف هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە[٢٢].

### یەکەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری جێبەجێکردندا

سەرۆك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە سەرۆکایەتیی دەزگاکانی جێبەجێکردن دەکات، پاڵپشت بە ماددەی دووەم برگەی یەکەم/(١)ی دەستوری ساڵی ١٧٨٧، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سپاردووە بە سەرۆك، بەمەش سەرۆك خاوەنی هەموو دەسەڵاتە کردەیی و راستەقینەکانە، بەرپرسی یەکەم و دواهەمینە لە رەسمکردنی سیاسەتی گشتیی دەوڵەتدا[٢٣][٢٢]، هەر بۆیە سەرۆك دەسەڵاتێکی فراوان پیادەدەکات، گرنگترینیان:

١. جێبەجێکردنی یاساکان:

سەرۆك بەو پێیەی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، و پاڵپشت بە برگەی سێیەم لە ماددەی دووەمی دەستوری ئەمەریکا، دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لە کۆنگرێس دەردەچن، هەروەها جێبەجێکردنی هەموو بەڵێننامە و یاسا دادوەرییەکان و گەلاڵەنامەکان کە هێزی یاساییان هەیە[٢٤].

٢. سەرپەرشتی و راییکردنی کاروباری حکومەت:

سەرۆك، سیاسەتی گشتیی وڵات دادەڕێژێت و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی دەکات، وەزیرەکان (یان راستتر سکرتێرەکان) هاوکاریی سەرۆك دەکەن لە بەڕێوەبردنی کارەکان، بە بێ بونی هیچ جۆرە سەربەخۆییەك، چونکە سەرۆك دەسەڵاتی تەواوی هەیە لە دانان و لابردنیان، وەزیرەکان هیچ جۆرە بەرپرسیارێتییەکی تاکی، یان بە کۆمەڵیان بەرامبەر بە پەرلەمان نیە، بەڵکو پابەندی تەواوی سەرۆکن[٢٥].

٣. دامەزراندنی پلە باڵاکان:

سەرۆك، سەرۆکی ئیدارەی فیدراڵییە و دەسەڵاتی دامەزراندنی پلە باڵاکانی هەیە، کە هەندێکیان پێویستیان بە رەزامەندیی ئەنجومەنی پیران هەیە، بەڵام بۆ لابرنیان پێویستی بە رەزامەندیی ئەو ئەنجومەنە نیە، بە رەچاوکردنی هەندێ کۆتوبەندی یاسایی[٢٦].

---

(٢٢) د. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري، ج١، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية (النظرية العامة والدول الكبرى)، ط٣، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، دون مكان الطبع، ١٩٩٤، ص٢٠٨.

(٢٣) د. سعيد السيد علي، حقيقة الفصل بين السلطات في النظام السياسي والدستوري للولايات المتحدة الأمريكية، بدون مكان نشر، ١٩٩٩، ص١٠٥.

(٢٤) د. محمد عمر مولود، فيدراڵيەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عیراقدا، وەرگێڕانی: د. محمد عومەر مەولود و د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٥٨.

(٢٥) لطيف مصطفى أمين، مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقها في الدساتير العراقية، مصدر سابق، ص١٨٨– ١٨٩.

(٢٦) د.عبدالحميد متولي، مصدر سابق، ص٢٦٩.

٤. دەرکردنی گەڵاڵەنامەی کارگێڕی (اصدار اللوائح الادارية):

سەرۆکی ئەمەریکا دەسەڵاتی دەرکردنی هەندێك گەڵاڵەنامەی هەیە بۆ دانانی بنەمای تەواوکار، یان درێژەپێدانی پێویست (قواعد المكملة أو التفصيلية) بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی فیدراڵی، ئەم گەڵاڵەنامانە هەندێکجار پێیاندەڵێن یاسای لاوەکی (التشريعات الفرعية)، هەروەك دەکرێت سەرۆك گەڵاڵەنامەی رێککاری (اللوائح التنظيمية) دەربکات بۆ رێکخستنی دامەزراوەی گشتی (مرفق عام)، یاخود پشتبەستن بە رێپێدانی کۆنگرێس یاسای پێسپاردن دەربکات (التشريعات التفويضية)[٢٧].

## دووەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری یاسادانانـدا

١. پێشنیازکردنی پرۆژەیاسا:

سەرۆك لە رێگەی وتاری ساڵانەوە، کە دەربارەی باری یەکێتییە (الاتحاد)، دەتوانێت سەرنجی پەرلەمان رابکێشێ بۆ دەرکردنی یاسایەکی دیاریکراو، ئەویش بە پێشکەشکردنی زانیاری و رێنمایی بۆ پەرلەمان[٢٨].

٢. مافی تانەگرتن (ڤیتۆ):

سەرۆك دەتوانێت تانە لەو یاسایانە بدات، کە لەلایەن کۆنگرێسەوە دەردەچن و بیانگەڕێنێتەوە بۆ کۆنگرێس، بەمەش بۆ تێپەڕاندنی یاساکە کۆنگرێس پێویستی بە دەنگی (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەیە، کە ئەمەش ئەستەمە، هەروەك سەرۆك رۆزڤێڵت[٢٩](٦٣٥) جار ڤیتۆی بەکارهێناوە، بەڵام کۆنگرێس تەنها لە (٩) نۆ جاردا توانیویەتی سەربکەوێت بەسەر ڤیتۆکانی سەرۆکدا[٣٠].

## سێیەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری دادوەریدا

دەستوری ئەمەریکا مافی هەڵوەشاندنەوە، یان سوککردن، یاخود راگرتنی جێبەجێکردنی سزای ئەنجامدانی تاوان، لێبوردن لە تاوانی بە سەرۆك بەخشیوە، بەو مەرجەی کە تاوانەکە دژی یاسایەکی فیدراڵی بێت، نەك یاسای ویلایەتەکان، هەروەها رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی تاوانەکە لەبەردەم کۆنگرێسدا نەگیرابێتەبەر[٣١].

## چوارەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری دەرەوەدا

١. نوێنەرایەتیکردنی وڵات:

لەگەڵ ئەوەی دەستوری ئەمەریکا دەقێکی راشکاوی تێدانیە ئەو دەسەڵاتە دیاری بکات، کە نوێنەرایەتیی وڵات دەکات لە پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی تردا، بەڵام لە سەرەتای مێژووی ئەمەریکاوە ئەوە چەسپیووە، کە سەرۆك تەنها نوێنەری وڵاتە لەو پەیوەندییانەدا، ئەویش بە پشتبەستن بە سیفەتی سەرۆك، وەك سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە دەسەڵاتی

---

(٢٧) د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣١٠.

(٢٨) ماددەی دووەم، بڕگەی سێیەم لە دەستوری ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی ١٧٨٧.

(٢٩) فرانکلین دیلانو رۆزڤێلت (١٨٨٢–١٩٤٥): سی و دووەمین سەرۆکی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، کە سەر بە دیموکراتەکان بووە، لە ماوەی نێوان (١٩٣٣– ١٩٤٥) لە پۆستی سەرۆکدا بووە، چوار جار بە سەرۆك هەڵبژێردراوە (لەدوای هەمواری بیست و دووەمی دەستوری ئەمەریکا ماوەی سەرۆکایەتی بە دوو خول دیاریکرا)، لە ساڵی یەکەمی ویلایەتی چوارەمی سەرۆکایەتییەکەی کۆچی دوایی کردووە.
%٩A%D٨%٩D%٨٤%٩D%٨٣%٩D%٨٦%٩D%٧A%٨D%١B%٨D%٨١%٩http://ar.wikipedia.org/wiki/%D
AA%٨D%٨٤%٩D%٨١%٩D%٢B%٨D%٨٨%٩D%١B%٨_%D٨٦. مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٢.

(٣٠) د. ابراهيم أبو خزام، الوسيط في القانون الدستوري، ط٢، دارالكتاب الجديد المتحدة، بيروت ٢٠٠٢، ص ٣٣٩.

(٣١) د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣١٢– ٣١٣.

تایبەتمەندە بە ئیدارەدانی کاروباری دەرەوە، هەروەك كۆنگرێس لە ساڵی ١٧٩٩دا یاسایەکی دەرکرد سەبارەت نوێنەرایەتیکردنی وڵات لە پەیوەندییەکانی دەرەوەدا لە لایەن سەرۆکەوە[٣٢].

٢. پێشوازیکردن لە نوێنەرانی دیپلۆماسی:

برگەی سێیەم لە ماددەی دووەمی دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەسەڵاتی پێشوازیکردن و وەرگرتنی باوەڕنامەی کارکردنی باڵیۆزو نوێنەرانی دپلۆماسی بە سەرۆك داوە، بەمپێیەش قبوڵکردن، یان ڕەتکردنەوەی کارکردنی هەر نوێنەرێکی دیپلۆماسیی وڵاتان لەو وڵاتەدا، بە تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆك خۆیدایە.

٣. گرێدانی رێککەوتننامەی جێبەجێکاری (Excutive Agreement):

سەرۆك دەسەڵاتی دەستپێشخەری هەیە بۆ بەستنی بەڵێننامەکان لەگەڵ وڵاتانی بێگانە بە ڕەزامەندی (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی پیران، کە زۆرجار وەرگرتنی ئەم ڕەزامەندییە بە کۆسپێك لەبەردەم سەرۆك دادەنرێت، بۆ خۆبەدوورگرتن لەم کۆسپە سەرۆك پەنا بۆ رێککەوتنی جێبەجێکاری دەبات، بەمەش پێویستی بەوەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەنی پیران نابێت[٣٣].

٤. دانپێدانان بە وڵاتان:

هەرچەندە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دیارینەکردووە کام دەسەڵاتە خاوەنی دەسەڵاتی دانپێدانانە بە وڵاتانی بێگانە، بەڵام رای جێگیری زانایان و دادگا ئەوەیە، کە ئەم دەسەڵاتە یەکێکە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك، چونکە بەشداریکردنی ئەنجومەنی پیران لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردندا، دەرچونە لە پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان[٣٤].

**پێنجەم: دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری کاروباری جەنگیدا**

سەرۆك بە حوکمی پایەکەی، سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی وڵاتە، کە تەنها ئەو دەتوانێت فەرمان بە سوپا بکات، چ لە ناوەوە یان لە دەرەوەی وڵات، هەروەها سەرۆك دەتوانێت داهاتەکانی دەوڵەت تەرخان بکات بۆ پلانی ستراتیژیی پێشکەوتنی سوپا. بەپێی دەستور راگەیاندنی جەنگ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دەسەڵاتی کۆنگرێس دایە، سەرۆك ناتوانێ بە بێ ڕەزامەندیی دەسەڵاتی یاسادانان جەنگ رابگەیەنێت، بەڵام لە سیستمی ئەمەریکادا شتێك هەیە کە پێی دەڵێن کارەکانی جەنگ (الاعمال الحربیة)، کە سەرۆك دەتوانێ بە بێ راگەیاندنی جەنگ لە لایەن کۆنگرێسەوە پەنای بۆ ببات، کە ئەویش بریتییە لە کردەوەی سنورداری سەربازی، کە سەلامەتیی دەوڵەت و بەرژەوەندییە باڵاکانی پێویستیان پێیەتی، ئەمەش بۆتەهۆی بەکارهێنانی ئەم دەسەڵاتە لەلایەن سەرۆکەکانی ئەمەریکاوە و بەرپاکردنی جەنگی گەورە و فراوان، وەك جەنگی کۆریا لە ساڵی ١٩٥٠ لە سەردەمی سەرۆك ترومان دا[٣٥]، هەروەها جەنگی ڤێتنام لە ساڵی ١٩٧٣ کە سەرۆك جۆنسۆن[٣٦] کردی، لەگەڵ ئەوەی تێچونێکی زۆر و قوربانییەکی زۆری لێکەوتەوە[٣٧].

---

[٣٢] د. سعید السید علي، مصدر سابق، ص١٢١– ١٢٢.

[٣٣] د. محمد عمر مولود، سەرضاوةي ثيَشوو، ل٤٦٠.

[٣٤] د. سعید السید علي، مصدر سابق، ص١٢٤– ١٢٥.

[٣٥] هاری ترومان (١٨٨٤– ١٩٧٢): سی و سێیەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، کە سەر بە دیموکراتەکان بووە، ماوەی سةرؤكايةتييةكةي ساڵاني (١٩٤٥– ١٩٥٣) بووة.
%٨٨%٩D%١B%٨AA%D%٨A_%D٨%٩D%١B%٨D%٧A%٨D%٨٧%٩http://www.marefa.org/index.php/%D
.٨٦%٩D%٧A%٨D%٨٥%٩D مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٧.

## داخوازی سێیەم:

## سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی ئەنجومەنیدا (حکومەتی کۆمەڵە)

بە تەنیشت هەردوو سیستمی پەرلەمانی و سەرۆکایەتییەوە، سیستمێکی تر هەیە کە شێوازێکی تری دیموکراسیەتی نوێنەرایەتییە، ئەویش سیستمی ئەنجومەنی، یان حکومەتی کۆمەڵەیە، کە بە پاشکۆیەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە دەسەڵاتی یاسادانان و، نەبونی هاوسەنگی لە نێوانیان جیادەکرێتەوە[٣٨].

ئەم سیستمە لەسەر بنەمای چڕبونەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لای پەرلەمان دامەزراوە، پەرلەمان کاری یاسادانان بۆخۆی جێبەجێی دەکات، و کاری جێبەجێکردنیش بە دەستەیەکی تایبەت دەسپێرێ، کە بەناوی پەرلەمان و لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی ئەودا کارەکان رادەپەڕێنێ[٣٩].

وەکچۆن بریتانیا بە بێشکەی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پراکتیزەکردنی سیستمی پەرلەمانی دادەنرێت، ئەمەریکاش نمونەی بەرچاوی سیستمی سەرۆکایەتییە، سویسرا بە تاکە نمونەی بەردەوام و سەرکەوتووی ئەمجۆرە سیستمە دادەنرێت[٤٠].

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سویسرا بە ئەنجومەنی فیدراڵی (اتحادي) دەناسرێت، کە لە (٧) حەوت ئەندام پێکدێت و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و سەرۆکی ئەنجومەن بە سەرۆکی سویسرا دادەنرێت، کە ماوەی سەرۆکایەتییەکەی یەک ساڵەو جارێکیتر هەڵنابژێردرێتەوە[٤١].

سەرۆک هیچ تایبەتمەندییەکی نیەو وەك هەموو ئەندامەکانی تری دەستەی جێبەجێکردن وایە، لە کاتی دەنگدان و یەکسانبوونی دەنگەکاندا، دەنگی سەرۆك نابێتە هۆی قورسکردن و لاسەنگکردنی ئەو لایەنەی سەرۆکی لێیە، بڕیارەکانیش بە کۆمەڵ دەدرێن هەروەك بەرپرسیارێتییەکەشیان بەشێوەیەکی هاوپشتییە[٤٢].

سەرۆك لەم سیستمەدا خاوەنی هەندێ دەسەڵاتی تەشریفاتییە، وەك پێشوازیکردن لە نێردراو و باڵیۆز و وەزیر و باوەڕپێکراوەکانی وڵاتانی بێگانە، هەروەك نێردراو و وەزیرەکانیش بە ناوی سویسراوە دەنێرێتە وڵاتانی بێگانە بۆ بەستنی پەیماننامە، پاش ڕێپێدانی پەرلەمان پەیماننامەکان پەسەنددەکات، هەروەها سەرۆك بە قسەکەری ڕەسمیی سویسرا دادەنرێ[٤٣].

---

[٣٦] ليندون بينيس جونسون (١٩٠٨– ١٩٧٣): سی و شەشەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە، کە سەر بە دیموکراتەکان بووە، ماوەی سەرۆکایەتیەکەی ساڵانی (١٩٦٣– ١٩٦٩) بووە. http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c٠٥٠١٧٧٥-٩٢٨٥١١٦fc٠-fb٥٤a٩-١٠a٤-٨f٧٤ مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٧

[٣٧] د. ابراهيم أبو خزام، مصدر سابق، ص٣٣٦– ٣٣٧.

[٣٨] د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣١٨.

[٣٩] د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم سياسية، ط٤، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٢، ص ٢٩٨.

[٤٠] د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، مصدر سابق، ص٣٢١.

[٤١] ماددەی (١٧٥و ١٧٦)، دەستوری سویسرای فیدراڵی، ساڵی ١٨٧٤.

[٤٢] د. عبدالكريم علوان، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨، ص٢٠٦.

[٤٣] د. محمد عمر مولود، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨٢– ٤٨٣.

## داخوازی چوارەم:

## سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی تێکەڵاودا ( پەرلەمانیی لادەر)

ئەمەشیان سیستمێکە لە نێوان سیستمی سەرۆکایەتی و سیستمی پەرلەمانی دا، کە تایبەتمەندیی هەردوو جۆرەکە لەخۆدەگرێت، لەم سیستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوانەییە وەك سیستمی پەرلەمانی، بەڵام سەرۆك راستەوخۆ لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، کە ئەمەشیان تایبەتمەندییەکی سیستمی سەرۆکایەتییە، هەروەها سەرۆك خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە، کە تەنها بەرپرسیارە لە بەرامبەر گەلدا، بەڵام وەزارەت بەرپرسیارە لە بەرامبەر پەرلەماندا، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان هاوکاری و چاودێریی بەرامبەرە، هەروەك پەرلەمان مافی لێپرسینەوەی وەزیرەکانی هەیە، لە بەرامبەردا دەسەڵاتی جێبەجێکردن مافی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە[٤٤].

### یەکەم: دەسەڵاتە تایبەتەکانی سەرۆك:

١. سەرۆکایەتیکردنی ئەنجومەنی وەزیران:

بە پێی ماددەی (٩) لە دەستوری فەرەنسا ساڵی ١٩٥٨، سەرۆك کۆمار سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، ئیدارەی گفتوگۆکانی ئەنجومەن دەکات، و لە کاتی بڕیاردانیشدا دەنگی سەرۆك حساب دەکرێت.

٢. دانان و لابردنی وەزیری یەکەم[٤٥] (سەرۆك وەزیران):

بە پێی برگەی (١) لە ماددەی (٨)ی دەستوری فەرەنسا ساڵی ١٩٥٨، سەرۆك کۆمار وەزیری یەکەم (سەرۆك وەزیران)دادەنێت، هەروەها لایدەبات لە پۆستەکەی لە کاتی دەستلەکارکێشانەوەی حکومەت دا.

لەم دەقەوە ئەوە دەردەکەوێت کە سەرۆك، وەزیری یەکەم لادەبات، دوای ئەوەی خۆی داوایکردووە بەهۆی دەنگدانی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ پێشنیازی سەرزەنشتکردنی حکومەت، یان هەر هۆیەکی تر، بەڵام رەوشەکە دوای کۆنگرەی رۆژنامەوانیی ژەنەراڵ دیگۆل[٤٦] لە ٣١ی یەنایەری ١٩٦٣ گۆڕا، کاتێك وتی "سەرۆك دەتوانێت وەزیری یەکەم بگۆڕێت، کاتێك ئەو ئەرکەی پێسپێردراوە جێبەجێیکردووە، یان متمانەی لە دەستداوە"[٤٧]. بە کردەوەش زۆر لە سەرۆك وەزیرەکان ناچاری دەستلەکارکێشانەوە کراون (سەرەرای نەبونی دەسەڵاتی دەستوریی سەرۆك لەو بارەیەوە)، ئەویش بە واژۆنەکردنی پرۆژەی مەراسیمەکان لەلایەن سەرۆکەوە[٤٨].

٣. پەنابردن بۆ ئەنجامدانی راپرسیی گشتی:

---

[٤٤] د. كاظم المشهداني، النظم السياسية، مطابع دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٩١، ص ١٩١.

[٤٥] لە فەرەنسا سەرۆك وەزیران بە وەزیری یەکەم ناودەبرێت، کە بە رای هەندێك مەبەست لێی، لێستاندنی پۆستی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە لە سەرۆك وەزیران و بەخشینێتی بە سەرۆك کۆمار. بڕوانە: لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، مصدر سابق، ص٩٣ نقلا عن ابراهيم حمدان حسين على، رئيس الدولة في النظام الديمقراطي، أطروحة مقدمة الى كلية الحقوق جامعة القاهرة، ١٩٨٧، ص٢٧١.

[٤٦] چارلس دیگۆل (١٨٩٠– ١٩٧٠): ژەنەراڵ و پیاوێکی سیاسی فەرەنسا بوو، سەرکردایەتیی بەرگریی فەرەنسای کرد لە جەنگی دووەمی جیهانی دژ بە ئەڵمانیای نازی، لە ساڵانی (١٩٥٩–١٩٦٩) سەرۆك کۆماری فەرەنسا بووە.
٨٨%٩BA%D%٨A%D٨%٩AF%D%٨ %D٨٤%٩D%١B%٨D%٧A%٨D%٤B%٨http://www.zuhlool.org/wiki/%D
٨٤%٩D%. مێژووی سەردان ٢٠١٤/١/٧.

[٤٧] ظالا فريد ابراهيم، حماية الحقوق والحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية والجنائية للسلطة التنفيذية"النظام البرلماني نموذجاً"، أطروحة دكتوراه مقدمة إلى كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين– أربيل، ٢٠٠٨، ص١٩٤.

[٤٨] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني ، مصدر سابق، ص١٣٧.

برگەی (١) لە مادەی (١١) ی دەستوری ساڵی ١٩٥٨ دەسەڵاتی ئەنجامدانی راپرسی لەسەر پرۆژەی یاسا داوەتە سەرۆك، ئەویش لەسەر داواکاریی حکومەت، یان هەردوو ئەنجومەن و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی، ئەو پرۆژەیاسایانەش پەیوەندییان بە رێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان و پەسەندکردنی پەیماننامەکانەوە هەیە.

٤. ئاخاوتنی پەرلەمان لە رێگەی نامەوە:

سەرۆکەکانی فرەنسا ئاخاوتنی پەرلەمانیان کردووە لە رێگەی ناردنی نامەوە، سەرۆك دەتوانێت ئەم کارە بکات ئەگەر پەرلەمان لە پشوودا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمان کۆدەبێتەوە[٤٩].

٥. هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی نیشتیمانی:

سەرۆك دوای راوێژکردن لە گەڵ وەزیری یەکەم و سەرۆکی هەردوو ئەنجومەن (ئەنجومەنی پیران و کۆمەڵەی نیشتیمانی) دەتوانێت کۆمەڵەی نیشتیمانی هەڵبوەشێنیتەوە، بەڵام دەبێت ئەم هەڵوەشاندنەوەیە دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بێت بەسەر هەڵبژاردنیدا[٥٠]، ناشبێت هەڵوەشاندنەوەکە لە کاتی حاڵەتی نائاسایی (استثنائي) دابێت[٥١].

٦. دانانی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستوری:

بە پێی ماددەی (٥٦)ی دەستوری فرەنسای ساڵی ١٩٥٨ سەرۆك مافی دانانی (١/٣) یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی دەستوری و سەرۆکەکەی هەیە (ئەم ئەنجومەنە کاری چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکانە).

٧. ئاگادارکردنی ئەنجومەنی دەستوری لە بارەی پەیماننامە و یاساکان:

سەرۆك، ئاگاداریی ئەنجومەنی دەستوری دەکاتەوە لە کاتی بەستنی پەیماننامە و دەرچونی یاساکان، کە بۆ یاسا سەرەکییەکان و گەلاڵەنامەکانی ئەنجومەنەکانی نوێنەران پێویستە بەرلە پەرلەمان بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی دەستوری، هەرچی یاساکانی ترە دەکرێت پێش دەرچونیان لەلایەن سەرۆك، یان وەزیری یەکەم، یاخود سەرۆکی یەکێك لە ئەنجومەنە نوێەرایەتییەکان، یان (٦٠) شەست ئەندامی ئەنجومەنی پیران بخرێنەبەردەم ئەم ئەنجومەنە، بۆ زانینی رادەی گونجاویی یاساکان لەگەڵ دەستور دا[٥٢].

٨. واژۆکردنی مەراسیم و فەرمان:

پاڵپشت بە برگەی یەکەم لە ماددەی (١٣)ی دەستور، سەرۆکی فرەنسا لە کۆماری پێنجەم، هەموو ئەو مەراسیم و فەرمانانە واژۆدەکات کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچن.

٩. دەسەڵاتی سەرۆك لە کاتی باری نائاساییدا:

مادەی (١٦)ی دەستوری ساڵی ١٩٥٨ رێگە بە سەرۆکی فرەنسا دەدات، کە لە کاتی بوونی هەڕەشەیەکی جدی و مەترسیدار لەسەر دامودەزگاکانی وڵات و سەربەخۆیی نیشتیمان و پارێزگاریی زەوی فرەنسا و جێبەجێکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، دەسەڵاتی نائاسایی هەبێت، ئەوەش دوای راوێژی وەزیری یەکەم و سەرۆك ئەنجومەنەکان و ئەنجومەنی دەستوری دەبێت، هەروەها سەرۆك بە نامەیەك گەل لەو بارە نائاساییە ئاگاداردەکاتەوە. ئەم مادەیە دەسەڵاتێکی زۆری یاسادانان وجێبەجێکردنی داوەتە سەرۆك، بە جۆرێك جێگەی پەرلەمان و حکومەت بگرێتەوە، بەمەش وەك دیکتاتۆرێکی

[٤٩] ماددەی (١٨)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٠] ماددەی (١٢)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥١] ماددەی (١٦)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٢] ماددەی (٦١)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

کاتی خۆی دەنوێنێ[٥٣]. بەمپێیە سەرۆك دەتوانێت دەستوەربداتە کاری دادوەری و کارکردن بە هەندێ دەقی دەستوری رابگرێت، بەڵام ناتوانێت دەستور هەمواربکات، کارەکانیشی لەو ماوەیەدا ملکەچی چاودێریی دادوەری و ئەنجومەنی دەستوری و پەرلەمان دەبن[٥٤].

**دووەم: دەسەڵاتە هاوبەشەکانی سەرۆك و حکومەت:**

سەرۆك هەندێ دەسەلات بە هاوبەشی حکومەت پەیڕەودەکات، لەم کاتەدا بە تەنیشت واژۆی سەرۆکەوە، واژۆی وەزیری یەکەم و وەزیری تایبەتمەند دەبێت (توقيع مجاور):

١. دانانی ئەندامانی حکومەت و لابردنیان:

پاڵپشت بە برگەی (٢) لە ماددەی (٨)ی دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨، لەسەر پێشنیازی وەزیری یەکەم، سەرۆك دەسەڵاتی دانان و لابردنی وەزیرەکانی هەیە.

٢. دانانی گەورە فەرمانبەران:

بە پێی ماددەی (١٣) لە دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨، سەرۆکی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی دانانی (راوێژکارانی دەوڵەت، باڵیۆزەکان، نێردراوە پایەبەرزەکان، راوێژکارانی دیوانی ژمێریاری، بەڕێوەبەرەکان، نوێنەرانی حکومەت لە هەرێمەکانی ئەودیو دەریاکان، گەورە ئەفسەران، بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە زانستییەکان، بەڕێوەبەرانی ئیدارە مەرکەزییەکان)یان هەیە.

٣. بانگهێشتی پەرلەمان بۆ کۆبونەوە، یان کۆتاییپێهێنانی:

جگە لەو حاڵەتانەی کە پەرلەمان بە حوکمی یاسا کۆدەبێتەوە، سەرۆك دەتوانێت بە مەرسومێك بانگهێشتی پەرلەمان بکات بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و بە مەرسومێکیش کۆتایی بەو کۆبوونەوەیە بهێنێت[٥٥].

٤. سەرکردایەتیی هێزە چەکدارەکان:

سەرۆکی فەرەنسا، سەرۆکی هێزە چەکدارەکان و سەرۆکی ئەنجومەن و لیژنەکانی باڵای بەرگریی وڵاتە[٥٦]، بەڵام بە پێی ماددەی (٢٠) لە دەستوردا حکومەت هەژمونی بەسەر ئیدارە و هێزە چەکدارەکان هەیە.

سێیەم: دەسەڵاتی سەرۆك لەبواری یاسادانانادا:

١. دەرکردنی یاساکان:

بە پێی ماددەی (١٠) برگەی (١)ی دەستور، سەرۆك کۆمار ئەو یاسایانە دەردەکات، کە پەرلەمان پەسەندیکردون.

٢. تانەگرتن لە یاساکان:

سەرۆکی فرەنسا دەتوانێت تانە لەو یاسایانە بگرێت، کە پەرلەمان پەسەندیکردون لە ماوەی (١٥) رۆژدا، ئەویش بە داواکردن لە پەرلەمان بۆ دووبارە چاوپێداخشاندنەوەی، بە پێی ماددەی (١٠) برگەی (٢) لە دەستوریش پەرلەمان پابەندە بەم کارە.

چوارەم: دەسەڵاتی سەرۆك لەبواری دادوەریدا

بە پێی ماددەی (٦٤) لە دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨، سەرۆك دەستەبەری پاراستنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە، لەم بوارەدا ئەم دەسەڵاتانە پەیڕەودەکات:

---

[٥٣] د. كاظم المشهداني، مصدر سابق، ص٢٠٣.

[٥٤] د. محسين خليل، مصدر سابق، ص٦٢١.

[٥٥] ماددەی (٣٠)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٦] ماددەی (١٥)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

١. سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دانانی ئەندامەکانی:

پاڵپشت بە ماددەی (٦٥) ی دەستور، سەرۆکی فرەنسا، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی باڵای دادوەری دەکات، هەروەها هەر (٩) نۆ ئەندامی ئەنجومەنەکەش دادەنێت، بەپێی ئەو مەرجانەی کە یاسا دیاریکردووە.

٢. مافی لێبوردن:

بە پێی ماددەی (١٧) لە دەستوری فرەنسای ساڵی ١٩٥٨، سەرۆک دەسەڵاتی لێبوردنی تایبەتی هەیە، بەڵام لێبوردنی گشتی لە دەسەڵاتی پەرلەمانە و پێویستی بە دەرکردنی یاسا هەیە.

پێنجەم: دەسەڵاتی سەرۆک لە بواری کاروباری دەرەوەدا

سەرۆکایەتیی بەستنی پەیماننامە لەگەڵ وڵاتانی تر دەکات و پەسەندیان دەکات، هەروەك چاودێریی هەموو ئەو دانوستاندنانە دەکات کە ئەنجامدەدرێن بۆ بەستنی رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی، کەوا پێویستیان بە پەسەندکردن نیە(٥٧)، بەڵام هەندێ پەیماننامە پەسەندناکرێت، تەنها بە رێگەی پەرلەمان و دەرکردنی یاسا نەبێت[٥٨].

لە کۆتایی باسی یەکەمدا دەگەینە ئەوەی، کە دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت جیاوازە، بەپێی جیاوازیی سیستمی حکومڕانیی وڵاتەکە، لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەمەش هێزو کاریگەریی مەزن بە سەرۆك دەبەخشێت، جگە لەوەی لەم سیستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەستی سەرۆك چڕکراوەتەوە و جیاکردنەوەیەکی توند لە نێوان دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردن هەیە، دەسەڵاتی یاسادانان توانای چاودێریی سەرۆکی هەیە، بەڵام توانای لێپێچینەوەی نیە[٥٩].

لە بەرامبەردا لە سیستمی ئەنجومەنیدا، دەسەڵاتەکان لای پەرلەمانە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەنها دەستەیەکە، کە لەلایەن پەرلەمانەوە دادەنرێت، لە ناو ئەو دەستەیەدا کەسێك بە سەرۆك دیاریدەکرێت، کە دەسەڵاتەکانی سنووردارە، لەم سیستمەدا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەدیناکرێت، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاشکۆی دەسەڵاتی یاسادانانە.

هەرچی سیستمی پەرلەمانییە، سیستمێکی مامناوەندییە لە نێوان سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیدا، دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن نەرم و رێژەییە، کە تێیدا پەرلەمان و وەزارەت هاوکاری و چاودێریی بەرامبەر لە نێوانیاندا هەیە (وەزارەت بەرپرسیارە لە بەرامبەر پەرلەمان، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە)، سەرۆکی دەوڵەت لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت و خاوەن دەسەڵاتێکی پرۆتۆکۆڵی و رەمزییە.

سەبارەت بە سیستمی تێکەڵاو-یش، جۆرێکە لە پەرەسەندنی سیستمی پەرلەمانی، کە بە سیستمی "پەرلەمانیی لادەر"، یان "نیمچەسەرۆکایەتی" ناودەبرێت، سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، لەم سیستمەدا (کە فرەنسا نموونەیەتی)

---

[٥٧] ماددەی (٥٢)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٥٨] ماددەی (٥٣)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

(٥٩) لە سیستەمی ئەمەریکادا کۆنگریس توانای چاودێریی سەرۆکی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی لێپێچینەوەی نیە لە حاڵەتی زۆر دەگمەن نەبێت، کە پێی دەوترێت تانەلێدان (Impeachment)، وەك لێپێچینەوەی کۆنگریس لە (بیل کلنتۆن) لەسەر ئەنجامدانی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ (مۆنیکا لوینسکی) لەناو کۆشکی سپیدا، بەڵام کۆنگریس نەیتوانی متمانە لە سەرۆك وەربگرێتەوە. د.شێرکۆ کرمانج، سیستەمی سەرۆکایەتی یان سیستەمی پەرلەمانی، کوردستان و هەڵبژاردنی سیستەمی سیاسی، https://drive.google.com/a/raparinuni.org/file/d/٠B٠QAcws٦BZnKQ٠swU١NGN١FSY٢M/view?usp=sharing مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/١٠.

دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، سەرۆك خاوەنی دەسەڵاتێکی کردەیی بەرفراوانەو سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، بەڵام لە بەرامبەر پەرلەماندا بەرپرس نیە.

## باسی دووەم:

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عیراق

هەرێمی کوردستان، وەك هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عیراقدا دەتوانێت دەستورێکی هەبێت، کە پەیکەری دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری رێکبخات و سنورەکەیان دیاری بکات، بە مەرجێك کە حوکمەکانی دژیەکی لەگەڵ دەستوری فیدراڵی نەبێت[٦٠].

پەرلەمانی کوردستان– یش وەك مافێکی دەستوری و، بە مەبەستی رێکخستن و دیاریکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ دەنگی لەسەر پرۆژەی دەستور داو پەسەندیکرد[٦١]، بەڵام تا پەسەندکردنی لە راپرسییەکی گشتی لەلایەن زۆرینەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانەوە و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو کاری پێناکرێت[٦٢]، لە ئێستاشدا بەپێی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان (یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان– عیراق)، پرۆژەدەستورەکە گەڕێندراوەتەوە پەرلەمان بۆ هەموارکردنەوەی.

بەپێی ماددەی (١)ی پرۆژەدەستوری هەرێم، سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پەرلەمانیی کۆماریی دیموکراسییە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدێت لە سەرۆکایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران (دوانەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردن)[٦٣]، سەرۆکی هەرێم لە رێگەی دەنگدانێکی گشتیی نهێنیی راستەوخۆوە لە لایەن هاوڵاتیانی هەرێمەوە هەڵدەبژێردرێت[٦٤]، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن پەرلەمانەوە متمانەوەردەگرێت و ئەندامەکانی بەرپرسیارن بەشێوەیەکی بە کۆمەڵ و بە تاك بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان[٦٥].

هەڵبژاردنی سەرۆك لە لایەن گەلەوە دژیەکییەك لەگەڵ ماددەی یەکەمی پرۆژەدەستورەکە دروستدەکات، کە سیستمی سیاسی لە هەرێمدا بە پەرلەمانی ناودەبات، هەروەك بەپێی رای شارەزایانی بواری یاسای دەستوری ئەم شێوازەی

---

[٦٠] ماددەی (١٢٠)، دەستوری کۆماری عێراق، ساڵی ٢٠٠٥.

[٦١] بۆ یەکەمجار بە بڕیاری ژمارە (٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٢/١١/٧ پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان پەسەندکرا، بەڵام لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا بە بڕیاری ژمارە (٤)ی پەرلەمان لە ٢٠٠٥/٨/٦ بڕیاردرا پرۆژەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاوپێداخشاندنەوە، لە ٢٠٠٥/٩/٨ لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە بە پێی بڕیاری ژمارە (٥)ی پەرلەمان پێکهات، لە ٢٠٠٨/١١/٢٨ پەرلەمان یاسای پەسەندکردنی دەستوری هەرێمی کوردستانی دەرچواند، لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەرلەمان پرۆژەکەی پەسەندکرد. کوێستان محەمەد، پرۆسەی نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان، وۆرکشۆپێك سەبارەت بە (پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان)، رۆژی شەممە ٢٠١٣/٥/٢٥ هۆڵی هۆتێل مەم و زین لە سلێمانی.

http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=٢٠٨٥٦&LinkID=٤&AspxAutoDetectCookieSupport=١. مێژووی سەردان ٢٠١٤/١٢/٣٠.

[٦٢] ماددەی (١١٨و١١٧)، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٦٣] ماددەی (٥٩)، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

(٦٤) ماددەی (٦١)، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٦٥] ماددەی (٧٠)/ پێنجەم و ماددەی (٧٣)، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

هەڵبژاردنی سەرۆك لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا ناگونجێ، چونكە دەبێتەهۆی بەهێزكردنی رۆڵ و پێگەی سەرۆكی دەوڵەت بەرامبەر بە پەرلەمان و سەرۆك وەزیران، سەرەنجام زاڵبوون و كۆنترۆڵكردنی هەموو دەسەڵاتەكان[٦٦].

## داخوازی یەكەم

## دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم لەبواری دەسەڵاتی جێبەجێكردندا

سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتێكی فراوانی هەیە بەو پێیەی سەرۆكی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێكردنە بە پێی برگەی یەكەم لە ماددەی (٦٠)ی پرۆژە دەستوری هەرێم، دەسەڵاتەكانی بریتین لە:

یەكەم: راسپاردنی سەرۆك وەزیران

بە پێی ماددەی (٦٥) برگەی چواردەهەم/١ لە پرۆژەدەستوری هەرێم، سەرۆكی هەرێم پاڵێوراوی ئەو فراكسیۆنەی زۆرترین ژمارەی كورسی هەیە رادەسپێرێ بۆ پێكهێنانی وەزارەت لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج رۆژدا، ئەگەر لەو ماوەیەدا پاڵێوراوەكە نەیتوانی وەزارەت پێكبهێنێ، ئەوا سەرۆكی هەرێم پاڵێوراوێكی دیكە لە هەمان فراكسیۆن رادەسپێرێ، ئەگەر پاڵێوراوی دووەمیش نەیتوانی وەزارەت پێكبهێنێ، سەرۆكی هەرێم دەتوانێ هەركەسێكی دیكە كە پێی باش بوو رابسپێرێ، جا ئەو كەسە دەكرێ ئەندامی پەرلەمان، یان كەسێكی دیكە بێت. هەرچەندە لێرەدا سەرۆك جۆرێك لە ئازادی هەیە بۆ دیاریكردن و راسپاردنی ئەو كەسەی وەزارەت پێكدەهێنێ، بەڵام لە دواجاردا رەزامەندیی پەرلەمان پێویستە بۆ پێدانی متمانە بە سەرۆك وەزیر و كابینەكەی.

### دووەم: پەسەندكردنی ئەندامانی وەزارەت

بەپێی برگەی چوارەم لە ماددەی (٧٠)ی پرۆژەدەستوری هەرێم، سەرۆكی راسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران لیستی ئەندامانی وەزارەتەكەی پێشكەشی سەرۆكی هەرێم دەكات و داوای پەسەندكردنیان دەكات، بە پێی برگەی پێنجەمیش لە هەمان ماددە دوای پەسەندی سەرۆكی هەرێم، سەرۆكی راسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیران لیستی ئەندامانی وەزارەتەكەی پێشكەشی پەرلەمان دەكات بۆ وەرگرتنی متمانە. ئەمە لەكاتێكدا لە سیستمە پەرلەمانییەكاندا پەسەندكردنی ئەندامانی وەزارەت پەرلەمان دەیكات، نەك سەرۆكی دەوڵەت، چونكە وەزارەت بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەماندا، نەك لەبەردەم سەرۆكی دەوڵەت.

### سێیەم: لەسەركارلابردنی وەزیر

لە پاڵ دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆك یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران[٦٧]، سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتی لەسەركارلابردنی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران[٦٨]. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دەسەڵاتە لە سیستمی پەرلەمانیدا لە دەستی سەرۆك نیە، بەڵكو پەرلەمان دەتوانێت متمانە لە وەزیر بستێنێتەوە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە دەستوری فرەنسا بە هەمانشێوەی دەستوری هەرێم بەدیدەكرێت، كە سەرۆك دەتوانێت لەگەڵ وەزیری یەكەم ئەندامانی حكومەت لاببەن، هەروەها لە سیستمی سەرۆكایەتیش سەرۆك بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان دەتوانێت وەزیرەكانی لاببات.

---

[٦٦] د.لەتیف شێخ مستەفا، لادان لە سیستەمی پارلەمانی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا (١)، http://sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=830&AuthorID=203 مێژووی سەردان ٢٠١٥/١/٤.

[٦٧] ماددەی (٥٠) برگەی دووەم، پرۆژەدەستوری هەرێمی كوردستان- عێراق،ساڵی ٢٠٠٩.

[٦٨] ماددەی (٦٥) برگەی شەشەم، پرۆژەدەستوری هەرێمی كوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

### چوارەم: سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەی وەزیران

برگەی یانزەیەم لە مادده (٦٥)ی پرۆژەی دەستوری هەرێم، دەسەڵاتی داوەتە سەرۆك بۆ بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی، و سەرۆکی هەرێم خۆیشی سەرۆکایەتی ئەو کۆبونەوەیە دەکات. هەرچەندە لە هەردوو سیستمی پەرلەمانی و تێکەڵاویش دەکرێت سەرۆکی دەوڵەت بەشداری بکات لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لە سیستمی پەرلەمانیدا لە کاتی بوونی بابەتێکی زۆر گرنگ سەرۆکی دەوڵەت بەشداردەبێت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، بە بێ بەشداریکردن، یان ئەژمارکردنی دەنگی سەرۆکی دەوڵەت لە کاتی دەنگدان لەسەر بریارێك، هەرچی دەستوری فرەنسایە لە ماددەی (٩)دا دەسەڵاتی بە سەرۆکی کۆمار بەخشیوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەو کۆبوونەوانە، سەرۆکی کۆمار سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، و دەنگەکەشی ئەژمارەکرێت[٦٩].

ئەوەی پەیوەندی بە سەرۆکی هەرێمەوە هەیە، نازانرێت بەشدارییەکەی شەرەفییە وەك ئەوەی سیستمی پەرلەمانی، یاخود بەشدارییەکەی فەرمییە وەك سیستمی فرەنسا؟ ئایا دەنگی سەرۆك ئەژماردەکرێت، یان ئەژمارناکرێت؟ هەروەها بەرپرسیارێتیی سەرۆکی هەرێم دیارنیە لەو بریارانەی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی ئەو دەیدات.

### پێنجەم: نوێنەرایەتی هەرێم و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی

سەرۆکی هەرێم نوێنەرایەتیی گەلی هەرێم دەکات لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، هەروەها هەماهەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدڕاڵی و دەسەڵاتەکانی هەرێمدا دەکات[٧٠].

سەرۆك لە زۆربەی وڵاتاندا بە بەرزترین دەسەڵات و رەمزی وڵاتەکە دادەنرێت (هەرچەندە خاوەن دەسەڵاتی کردەیی و فراوان نەبێت)، بۆیە سروشتییە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی بکات، هەروەها هەماهەنگی بکات لە سیستمە فیدڕاڵییەکاندا لە نێوان دەسەڵاتی فیدڕاڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکاندا.

### شەشەم: دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکان

سەرۆکی هەرێم، پاڵپشت بە برگەی بیست و دووەم لە ماددەی (٦٥)، دەسەڵاتی دامەزراندنی خاوەن پلە تایبەتەکانی هەیە، پاش کاندیدکردنیان لە لایەن وەزیری تایبەتمەند و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران.

دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە برگەی پێنجەم مادده (٦١)دا ئەو دەسەڵاتەی داوەتە پەرلەمان، هەرچی دەستوری فرەنسایە، ئەم دەسەڵاتە سەرۆك بەکاریدێنێت بە هاوبەشی ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام لە ئەمەریکا دامەزراندنی پلە باڵاکان هەندێکیان بە تەنها لە دەستی سەرۆکە، هەندێکیشیان پێویستی بە رەزامەندیی ئەنجومەنی پیران هەیە.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستەلەسەرکردنە، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان دیارینەکردووە ئەو پلە تایبەتانە چین و کام لە پلە تایبەتەکان دەگرێتەوە، پێمانوایە واباشتر بوو پلەکان دیاری کرابانایە، هەروەك دەستوری فرەنسای ساڵی ١٩٥٨ لە ماددەی (١٣) دیاریکردووە، چونکە هەندێك پلەی تایبەت هەیە کە بە حوکمی گرنگیی کارەکەی وەرگرتنی رەزامەندیی پەرلەمان لەسەری پێویستە.

### حەوتەم: هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان

سەرۆکی هەرێم لەم حاڵەتانەی خوارەوە بە مەرسومێك پەرلەمان هەڵدەوەشێنێتەوە[٧١]:

١. ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامانی دەستیان لە کارکێشایەوە.

---

[٦٩] د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني ، مصدر سابق، ص١٥٤–١٥٥.

[٧٠] ماددەی (٦٠) برگەی یەکەم، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٧١] ماددەی (٥٦) برگەی دووەم، پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

٢. ئەگەر شەست رۆژ پاش بانگهێشتكردنی بۆ كۆبوونەوە لە دوای هەڵبژاردنیدا نیسابی یاسایی بۆ كۆبوونەوە تەواونەبوو.

٣. ئەگەر متمانەی نەدا بە (٣) سێ كابینەی پێشنیازكراوی جیاوازی یەك لە دوای یەك.

ئەم دەسەڵاتە بەپێی ماددەی (١٢) لە دەستوری فرەنسای ١٩٥٨ بە سەرۆك دراوە، دوای راوێژ لەگەڵ سەرۆكی هەردوو ئەنجومەن و سەرۆكی وەزیران، ناشبێت جارێكی تر كۆمەڵەی نیشتمانی هەڵبوەشێنرێتەوە لە ماوەی ئەو ساڵەی كە لە دوای هەڵبژاردنیەوە دێت، هەروەك دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٦٤) برگەی یەكەمدا ئەو دەسەڵاتەی بە هاوبەشی داوە بە سەرۆك وەزیران و سەرۆك كۆمار، بە مەرجێك لە كاتی لێپرسنەوەی سەرۆك وەزیراندا نەبێت.

لەم ماددەیەی پرۆژەدەستورەكەدا هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ بوونی هەڵوەشاندنەوەی وەزاری، كە وەزارەت لەكاتی بوونی كێشەدا لەگەڵ پەرلەماندا پەنای بۆ دەبات و داوا لە سەرۆك دەكات پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە وەزارەت مافی داواكردنی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی نەبێت، چونكە ئەم مافە پێویستە بۆ هێنانەدی هاوسەنگی نێوان پەرلەمان و وەزارەت كە بە یەكێك لە بنەما سەرەكیەكانی سیستمی پەرلەمانی دادەنرێت.

### هەشتەم: جاڕدانی باری نائاسایی

"سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتی جاڕدانی باری نائاسایی هەیە، پاش راوێژكردن و رێككەوتن لەگەڵ سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لە حاڵەتی شەڕ، داگیركردن، یاخیبوون، ئاژاوە، كارەساتی سروشتی، یان بڵاوبوونەوەی پەتا، یان هەر حاڵەتێكی لەناكاوی دیكەدا، بە مەرجێك ماوەكە لە مانگێك پتر نەبێ و درێژكردنەوەی دواتریش بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان و بۆ ماوەیەك دەبێ كە بۆ هەر درێژكردنەوەیەك، لە سێ مانگ مانگ تێنەپەڕێت. حوكمەكانی حاڵەتی نائاساییش بە یاسایەك رێكدەخرێن"[٧٢].

سەبارەت بە جاڕدانی باری نائاسایی لە سیستمی پەرلەمانی ئەگەر بریتانیا وەك نمونە وەربگرین، وەزارەت بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی كاروباری وڵات و بە پێی یاسایەك (یاسای بەرگری لە مەملەكەت) كە پەرلەمانی بریتانیا لە ساڵی ١٩١٤-١٩١٥ دەریكرد، دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەسەڵاتی دەركردنی هەندێ گەڵاڵەنامەی تایبەت (اللوائح الخاصة)ی پێدراوە بۆ پاراستنی سەلامەتیی گشتی. هەروەها لە ئەمەریكا وەك نمونەیەكی سەركەوتووی سیستمی سەرۆكایەتی، دەستور دەسەڵاتی راگەیاندنی باری نائاسایی داوە بە كۆنگرێس، یان سەرۆك لە حاڵەتی نائامادەیی (غیابي) كۆنگرێسدا. هەرچی سیستمی ئەنجومەنییە، لە ١٩١٤/٨/٣ پەرلەمانی سویسرا یاسایەكی پەسەندكرد، كە بەپێی یاساكە پەرلەمان ئەنجومەنی فیدڕاڵی (دەسەڵاتی جێبەجێكردن) رێپێدەدات (تخویل) بۆ گرتنەبەری هەر رێوشوێنێك بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و بەرژەوندی و یەكپارچەیی وڵات[٧٣].

هەروەها دەستوری فرەنسا ئەم دەسەڵاتەی داوەتە سەرۆك، دوای راوێژ لە گەڵ وەزیری یەكەم و سەرۆكی ئەنجومەنەكان و ئەنجومەنی دەستوری[٧٤].

لێرەدا پرۆژەی دەستوری هەرێم رێگەیەكی دروستی هەڵبژاردووە، كە دەسەڵاتی جاڕدانی باری نائاسایی تەنها لە دەستی سەرۆك قەتیسنەكردووە، بەڵكو پاش راوێژ و رێككەوتن لەگەڵ سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆك وەزیران، سەرۆكی هەرێم ئەم دەسەڵاتە پیادەدەكات.

---

[٧٢] ماددەی (٦٥) برگەی هەشتەم، پرۆژە دەستوری هەرێمی كوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٧٣] خاموش عمر عبدالله، تأثیر قوانین الطوارىء على حريات الأفراد في الدساتير"دراسة مقارنة"، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص٧٧- ٩١.

[٧٤] ماددەی (١٦)، دەستوری فرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

### نۆیەم: دەرکردنی مەرسومی دامەزراندنی سەرۆکی دەستەکان

پاڵپشت بە بڕگەی بیست لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەی دەستور، سەرۆکی هەرێم مەرسوم دەردەکات بۆ دامەزراندنی سەرۆکەکانی ئەو دەستەو کۆمسیۆنانەی کە لە ماددەی (١٠٧)[٧٥] ی پڕۆژەکەدا دەقنووسکراون، پاش ڕەزامەندیی پەرلەمان لەسەر پاڵاوتنیان. ئەم دەسەڵاتەی سەرۆکی هەرێم تەنها دەسەڵاتێکی رواڵەتی (شکلی)یە، چونکە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەرۆکی ئەو دەستانە دەدات.

### دەیەم: دامەزراندنی نوسینگەی حکومەت لە دەرەوە

لەسەر پێشنیازی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکی هەرێم بڕیار بۆ دامەزراندنی نوسینگەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی بیانیدا دەردەکات، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند لە حکومەتی فیدراڵیدا[٧٦].

هەروەك بەپێی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (١٢١) لە دەستوری عیراقی ٢٠٠٥، هەرێمەکان و پارێزگاکان دەتوانن نوسینگەی تایبەت لە باڵیۆزخانە و نێردە دپلۆماسییەکاندا دابمەزرێنن، بۆ بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان.

## داخوازی دووەم:

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە بواری دەسەڵاتی یاسادانانددا

پڕۆژەدەستوری هەرێم چەند دەسەڵاتێکی لە بواری دەسەڵاتی یاسادانانددا بە سەرۆکی هەرێم داوە، کە لەم داخوازیەدا رونیاندەکەینەوە:

### یەکەم: بانگهێشتی پەرلەمان بۆ کۆبوونەوە

لە ماددەی (٦٥) بڕگەی چوەرەمی پڕۆژە دەستوری هەرێمدا هاتووە: "دەرکردنی مەرسومێك لە لایەن سەرۆکی هەرێم بۆ بانگهێشتکردنی پەرلەمان بۆ یەکەم دانیشتنی خولی کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردنی لە ماوەی پازدە ڕۆژ دوای راگەیاندنی دوا ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا، ...". شایانی باسە پڕۆژەدەستوری هەرێم پێچەوانەی دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨ تەنها دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی پەرلەمانی بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی بە سەرۆك بەخشیوە، لە کاتێکدا سەرۆکی فەرەنسا دەتوانێت بانگهێشتی پەرلەمان بکات تەنها بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی[٧٧].

هەرچی دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٥٤، ٥٨) دەسەڵاتی بانگهێشتکردنی پەرلەمانی بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی بە سەرۆك کۆمار داوە.

### دووەم: درێژکردنەوەی خولی پەرلەمان

دەکرێ خولی کاری پەرلەمان تاکو ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ درێژبکرێتەوە بۆ تەواوکردنی هەندێ کار لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یان بیست و پێنج کەس لە ئەندامانی پەرلەمان[٧٨].

---

[٧٥] ئەو دەستە و کۆمسیۆنانە بریتین لە (دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی لە کوردستان– عیراق، دیوانی دەستپاکی و چاودێریی دارایی، دەستەی گشتیی دروستی و باشیی بەرهەمەکانی خۆماڵی و هاوردەکان).

[٧٦] ماددەی (٦٥) بڕگەی بیست و یەکەم، پڕۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

(٧٧) ماددەی (٣٠)، دەستوری فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٨.

[٧٨] ماددەی (٤٧) بڕگەی دووەم، پڕۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

ئەوەی تێبینیدەکرێت هەمان دەسەڵات لە ماددەی (٥٨) برگەی دووەم لە دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ بە سەرۆك کۆمار، یان سەرۆك وەزیران، یان سەرۆکی پەرلەمان، یان پەنجا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران دراوە.

## سێیەم: دەرکردنی مەرسوم بۆ ئە نجامدانی هەڵبژاردنی گشتی

سەرۆکی هەرێم بەپێی برگەی سێیەمی ماددەی (٦٥)ی پرۆژەی دەستوری هەرێم لە کاتی هەڵوەشاندنەوە، یان تەواو بوونی خولی پەرلەماندا، مەرسومێك دەردەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمان، ئەویش بەپێی (٥٧)[٧٩]ی پرۆژەدەستورەکە. ئەوەی لێرەدا سەرۆکی هەرێم دەیکات، تەنها دەرکردنی مەرسومەکەیە بۆ دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەو ماوە دەستورییەدا، کە ماددەی (٥٧) دیاریکردووە.

## چوارەم: پێشنیازکردنی یاسا و بڕیارەکان

سەرۆکی هەرێم پاڵپشت بە برگەی یەکەم لە ماددە (٦٥)ی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان دەتوانێت پرۆژەی یاسا و بڕیار پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات، پەرلەمانی کوردستانیش دوای داڕشتنەوە و گفتوگۆکردن و دەنگدان لە سەری، دەیکاتە یاسا.

هەرچەندە بونی ئەم دەسەڵاتە لای سەرۆکی هەرێم نیشانەی بوونی هاوکارییە لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێم وەك بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمدا، بەڵام پێشنیازکردنەکە بە تەنها لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوەیە، بەبێ بەشداریی ئەنجومەنی وەزیران، لە کاتێکدا لە دەستوری عیراقدا سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران بەیەکەوە پرۆژەیاساکان پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەن[٨٠]، بۆیە واباشتر بوو سەرۆك لە رێگەی وەزارەتەوە پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان بکات، کە ئەمەش زیاتر لەگەڵ سیستمی پەرلەمانیدا گونجاوە.

## پێنجەم: دەرکردنی یاسا و بڕیارەکان و تانەلێگرتنیان

لە برگەی دووەمی ماددەی (٦٥) لە پرۆژەدەستوری هەرێمدا هاتووە، کە سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی هەیە بۆ: "دەرکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایاندەنێ، لە ماوەی پازدە رۆژ لە وەرگرتنیانەوە، بۆیشی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان بەشێکیان دەربڕێ و بیاننێرێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ چاو پێداخشاندنەوەیان، و دواتر بڕیاری پەرلەمان لە بارەیانەوە بنبڕدەبێ، ئەگەر سەرۆك لەو ماوەیەدا یاساو بڕیارەکانی دەرنەکرد، بێ ئەوەی ناڕەزاییان لەسەر دەربڕێ، ئەوا بە دەرچوو دەژمێردرێن و سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی فەرمیدا لە ئەستۆدەگرێت".

زۆر لە دەستورەکان دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا و بڕیارەکانیان بە سەرۆك داوە[٨١]. هەروەها دەسەڵاتی تانەگرتنیش لە سیستمەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی و تێکەڵاویش بە سەرۆك دراوە[٨٢].

---

[٧٩] ماددەی (٥٧) تێیدا هاتووە: "ئەگەر پەرلەمان هەڵوەشایەوە یان خولی هەڵبژاردنی تەواو بوو، مەرسومێك دەردەچێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی لە ماوەی پازدە رۆژ لە هەڵوەشانەوەیدا، یان بە لانی کەمی، نەوەد رۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن، بە مەرجێك ئەنجامدانی کاتی هەڵبژاردن لە نەوەد رۆژی دوای هەڵوەشاندنەوەی تێپەڕنەکات، یان دەبێ لە ماوەی نەوەد رۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن بێت".

[٨٠] ماددەی (٦٠)، برگەی یەکەم، دەستوری کۆماری عێراق، ٢٠٠٥.

[٨١] بۆ نمونە: ماددەی (١٠) برگەی (١) لە دەستوری فەرنسای ساڵی ١٩٥٨، ماددەی (٧٣) برگەی سێیەم لە دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی یەکەم، برگەی حەوتەم/ ٢ لە دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی ١٧٨٧.

(٨٢) بڕوانە باسی یەکەم لەم توێژینەوەیە.

ئەم تانەگرتنەی سەرۆکی هەرێمیش لەسەر یاسا و بڕیارەکان تانەیەکی ڕاگرتنە (توقيفي)، نەك تانەگرتنێکی ڕەها (مطلق)، چونکە بۆ جاری دووەم پەرلەمان دەتوانێت یاساکە پەسەندبکات، بە بێ ئەوەی سەرۆك ئەمجارەیان مافی تانەگرتنی هەبێت.

**شەشەم: دەرکردنی مەرسوم، کە هێزی یاسایی هەیە**

بە پێی بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٦٥) ی پڕۆژەی دەستوری هەرێم، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو مەرسومانەی هەیە کە هێزی یاساییان هەیە، پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هەرێمی کوردستان و سیستمە سیاسییەکەی، یان ئاسایشی، یان دامەزراوە دەستورییەکانی کەوتنەبەر مەترسییەکی لەناکاو و پەرلەمانیش نەیتوانی کۆببێتەوە، بە مەرجێك ئەو مەرسومانە بخرێنەپێش چاوی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان، ئەگەر نەشخرانە بەرچاوی پەرلەمان، یان خرانە بەرچاوی پەرلەمان و ئەویش پەسەندنەکردن، ئاکاری یاساییان نامێنێ.

لەگەڵ ئەوەی ئەم ماددەیەی پڕۆژەی دەستور ئەم دەسەڵاتەی بە ڕەهایی نە بەخشیوەتە سەرۆك و کۆمەڵێك کۆتوبەندی بۆ داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی دەسەڵاتێکی وەها فراوان بە مەترسی دەزانرێت، چونکە پەرلەمان وەك نوێنەری خەڵك و دامەزراوەی سەرەکی یاسادانان واز لە دەسەڵاتی یاسادانان دەهێنێت و سەرۆکی هەرێم لەم کاتەدا جێگەی پەرلەمان دەگرێتەوە، جگە لەمەش بوونی ئەم دەسەڵاتە لای سەرۆکی هەرێم کاڵبوونەوەی پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەگەیەنێت، وا دەکات سەرۆك لە یەککاتدا یاسادانەر و جێبەجێکاری یاساش بێت.

## داخوازی سێیەم

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەبواری دەسەڵاتی دادوەریدا

پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، چەند دەسەڵاتێکی لە بواری دادوەریدا بەخشیوەتە سەرۆکی هەرێم، کە ئەمانەن:

یەکەم: دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستوری[٨٣]

لە بڕگەی هەژدەهەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەدەستوری هەرێمدا هاتووە کە سەرۆکی هەرێم دەرکردنی مەرسومێك دەردەکات بۆ دامەزراندنی ئەندامانی دادگای دەستوری، پاش ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پاڵێوراوەکان.

---

[٨٣] لە ماددەی (٩٥) لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمدا هاتووە کە: "دادگای دەستووری تایبەتمەند دەبێت بەو کاروبارانەی خوارەوە:

یەکەم: ڕاڤەکردنی دەقی ماددەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان.

دووەم:

١-چاودێریکردن بەسەر دەستووریبوونی یاساکان، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یان ئەنجومەنی وەزیران، یان دە کەس لە ئەندامانی پەرلەمان.

٢-بڕیاردان لەسەر ڕەوایی مەرسوم و پێڕەو و بڕیار و ڕێنماییەکان، لەسەر هەر کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ.

سێیەم: یەکلاکردنەوەی دەفعێك کە پێشکەشکراوە لە داوایەکدا کە دراوەتە بەردەم دادگا سەبارەت بە دەستووری نەبوونی یاسایەك، یان ڕەوانەبوونی بڕیارێك، یان پێڕەوێك، یان ڕێنماییەك، دادگاش دەبێ داوایەکە دوابخات تا ئەو کاتەی ئاکامی دەفعەکە یەکلادەبێتەوە.

چوارەم: پەسەندکردنی ئەنجامەکانی ڕاپرسی و هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان- عێراق.

پێنجەم: یەکلاکردنەوەی دەستووریبوونی ئەو هەموارکردنەی پێشنیاز دەکرێ بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان و گونجاوبوونی ماددەی (١٢٠)ی ئەم دەستوورە.

شەشەم: دادگایی کردنی سەرۆك یان جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پاش ئەوەی بە پێی ماددەی (٦٢)ی ئەم دەستوورە لە لایەن پەرلەمانەوە تۆمەتیان دەدرێتەپاڵ. بۆ تاوانبارکردنی سەرۆك یان جێگرەکەی، پێویستە بەلای کەم پێنج ئەندمی دادگا ڕەزامەندی لەسەر بدەن.

حەوتەم: یەکلاکردنەوەی ئەو داوایانەی کە بەپێی ماددەی (١٩/بڕگەی هەژدەهەم/٣) ی ئەم دەستووره بەرزکراونەتەوە.

هەشتەم: یەکلاکردنەوەی ئەو تانوتانە کە پێوەندیان بە دروستی ئەندامەتی و لابردنی پارێزراوەیی (حصانە) لەسەر ئەندامی پەرلەمانەوە هەیە".

هەروەها لە برگەی دووەم لە ماددەی (٩٢)ی پرۆژەکە سەبارەت بە پاڵاوتنی ئەندامانی ئەم دادگایە هاتووە، کە سەرۆکی هەرێم بە راوێژکردن لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری، ئەندامانی دادگای دەستوری دەپاڵێوێ.

بە پێی ماددەی (٩٤)یش، سەرۆك و ئەندامانی دادگای دەستووری، پێش ئەوەی دەست بە ئەرك و فەرمانەکانیان بکەن، لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی دەخۆن.

ئەم دەسەڵاتەی سەرۆکی هەرێم جێگەی مەترسییە، چونکە لە لایەك زیان بە پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەگەیەنێ، لە لایەکیترەوە بە هۆی گرنگی و هەستیاریی دەسەڵاتەکانی دادگای دەستوری، وەك لە ماددەی (٩٥)ی پرۆژەی دەستور دەقنووسکراوە، دەسەڵاتەکانی ئێجگار بەرفراوان و گرنگن، بە تایبەت کە سەرۆکی هەرێم خاوەن بۆچوون و دەسەڵاتە لە دانانی ئەندامەکانیدا و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت پێگە و دەسەڵاتەکانی بەکاربهێنێت بۆ دانانی کەسانێك کە لە ژێر کاریگەریی خۆیدا بن، سەرەنجام خراپبەکارهێنانی ئەم دادگایە و لەدەستدانی بێلایەنی و سەربەخۆیی دادگاکەی لێبکەوێتەوە.

## دووەم: دانانی دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی

سەرۆکی هەرێم بە مەرسومێك دادوەرەکان و سەرۆکی سەرپەرشتیاری دادوەری و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی دادەمەزرێنێت، دوای پاڵاوتنیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان[٨٤]. ئەمەش مانای ئەوەیە دەسەڵاتی سەرۆك تەنها لە دەرکردنی مەرسومی دامەزراندن کورتدەبێتەوە، چونکە پێشتر ئەنجومەنی دادوەری دەیانپاڵێوێ، هەروەها بە یاساش دادەمەزرێن[٨٥].

## سێیەم: لێبوردنی تایبەت

بەپێی برگەی نۆیەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی دەرکردنی مەرسومی هەیە بۆ لێبوردنی تایبەتی زیندانیان بە پێی یاسا.

ئەم دەسەڵاتە لە ماددەی (٧٣)ی دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ بە سەرۆك کۆمار دراوە، کە سەرۆك لەسەر راسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتە پیادەدەکات، لەگەڵ بوونی هەندێك ریزپەڕ (استثناء)، کە نابێت لێبوردنەکە پەیوەندی بە مافی تایبەت، حوکمدراوەکان بە تاوانی نێودەوڵەتی و تیرۆر و گەندەڵی دارایی و کارگێڕی حوکمنەدرابن. هەروەها دەستوری فەرەنسای ساڵی ١٩٥٨ لە ماددەی (١٧) دەسەڵاتی لێبوردنی تایبەتی داوە بە سەرۆك، هەروەك دەستوری ئەمەریکا لە (ماددەی دووەم برگەی دووەم /١)دا ئەو دەسەڵاتەی داوە بە سەرۆك بەو مەرجەی تاوانەکە دژی یاسایەکی ویلایەتەکان نەبێت، هەروەها رێوشوێنی دادگاییکردنی سزایی تاوانەکە لەبەردەم کۆنگرێسدا نەگیرابێتەبەر. هەربۆیە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بۆ لێبوردنی تایبەت هەرچەندە بە یاسا دەبێت، بەڵام وا باشترە کە رەها نەبێت و هەندێك تاوانی لێبەدەربکرێت، وەك ئەوەی لە دەستوری عیراقیدا هاتووە.

## چوارەم: پەسەندکردنی حوکمی لە سێدارەدان، یان سوککردنی

سەرۆکی هەرێم پاڵپشت بە برگەی دەیەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەی دەستور دەسەڵاتی پەسەندکردنی حوکمی لە سێدارەدان، یان سوککردنی بۆ زیندانی هەتاهەتایی هەیە، بەڵام دەستوری عیراقی ٢٠٠٥ لە ماددەی (٧٣) برگەی هەشتەم تەنها دەسەڵاتی پەسەندکردنی حوکمی لە سێدارەدانی داوەتە سەرۆك کۆمار، بەبێ بوونی دەسەڵاتی گۆڕینی حوکمەکە.

---

[٨٤] ماددەی (٦٥) برگەی هەژدەهەم، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

[٨٥] ماددەی (٨١)، پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان- عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

## داخوازی چوارەم

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە بواری کاروباری سەربازیدا

لە بواری سەربازیدا سەرۆکی هەرێم خاوەنی چەند دەسەڵاتێکە، کە ئەمانەن:

یەکەم: فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە

پاڵپشت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٠)ی پڕۆژەدەستوری هەرێمی کوردستاندا، سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)ە.

دووەم: بەخشینی پلەی سەربازی

ماددەی (٦٥) بڕگەی بیست و سێیەم لە پڕۆژەی دەستور، دەسەڵاتی بەخشینی پلە سەربازییەکانی بە ئەفسەرانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی بە سەرۆکی هەرێم داوە، هەروەها بەپێی هەمان بڕگە و ماددەی پڕۆژەکە، دەسەڵاتی دەرکردن و خانشینکردنیشیان لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

سێیەم: بەخشینی میدالیا و نیشانە

بەپێی بڕگەی بیست و چوارەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەی دەستور، سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی بەخشینی میدالیا و نیشانەی هەیە، ئەویش بە دەرکردنی مەرسوم و بەپێی یاسا.

### چوارەم: ڕێگەدان بە هاتنی هێزەکانی حکومەتی فیدڕاڵی

"ڕێگەدان بە هاتنی بەشێك لە هێزە چەکدارە فیدڕاڵییەکان بۆ کوردستان– عیراق لە کاتی پێویستدا، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی پەرلەمانی کوردستان– عیراق لەسەر هاتنەژوورەوەی ئەم هێزانە لەگەڵ دیاریکردنی ئەرك و فەرمانیان و جێگا و ماوەی مانەوەیان لە هەرێمدا"[٨٦].

### پێنجەم: ناردنی هێزەکانی پێشمەرگە، یان ئاسایش بۆ دەرەوەی هەرێم

بەپێی بڕگەی سێزدەهەم لە ماددەی (٦٥)ی پڕۆژەی دەستور، سەرۆکی هەرێم بە ڕەزامەندیی پەرلەمان، دەسەڵاتی ناردنی هێزەکانی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) یان ئاسایشی ناوخۆی بۆ دەرەوەی هەرێم هەیە.

دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە بواری سەربازیدا لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی ناگونجێت، کە دەسەڵاتەکانی سەرۆك لەم سیستمەدا ڕەمزی و پرۆتۆکۆڵین و دەسەڵاتی ڕاستەقینە و کردەیی لای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی بەرگرییە. هەروەها لە دەسەڵاتی سەرۆك لە سیستمی تێکەڵاویش زیاترە، چونکە لە فەرەنسا سەرۆك سەرکردەی هێزە چەکدارەکانە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران هەژمونی بەسەر ئیدارەو هێزەکانەوە هەیە، بەڵام لە پڕۆژەدەستوری هەرێمدا سەرۆك فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەیە و هیچ ئاماژەیەك بۆ ڕۆڵی ئەنجومەنی وەزیران نەکراوە لەو بوارەدا، هەروەك دەسەڵاتەکانی سەرۆك لەو بوارەدا تەنها لە سەرکردایەتیی هێزەکانی پێشمەرگە ناوەستێت، بەڵکو پەلدەهاوێت بۆ سەرکردایەتیی هەموو هێزە چەکدارەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەخشینی پلەی سەربازی بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، دەرکردن و خانەنشینکردنیان و ناردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ دەرەوەی هەرێم، ئەمەش نزیکیدەکاتەوە لە دەسەڵاتی سەرۆك لە بواری سەربازی لە سیستمی سەرۆکایەتیدا.

لە کۆتایی باسی دووەمدا، پاش خستنەڕووی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە پڕۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عیراق و شیکردنەوەیان و بەراوردکردنیان بە دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە سیستمە جیاوازەکاندا، دەردەکەوێت کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لە هەندێ باردا زیاترە لە دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە سیستمی پەرلەمانیدا، بە تایبەت شێوازی هەڵبژاردنی

---

[٨٦] ماددەی (٦٥) بڕگەی دوازدەهەم، پڕۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، ساڵی ٢٠٠٩.

سەرۆکی هەرێم، کە لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی ناگونجێت و سیستمەکە دەکاتە سیستمی تێکەڵاو (پەرلەمانیی لادەر).

سەرۆکی هەرێم خاوەن دەسەڵاتێکی بەرفراوانە لە بواری جێبەجێکردندا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بەبێ دیاریکردنی ژمارە و جۆری کۆبوونەوەکان و ئەژمارکردنی دەنگی سەرۆك، یاخود نا؟

هەروەك سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی پەسەندکردنی ئەندامانی کابینەی وەزارەتی هەیە، ئەم دەسەڵاتەش لە بنەڕەتدا هی پەرلەمانە، نەك سەرۆکی هەرێم، ناشکرێت دوانەیی لە متمانەدانی کابینەی وەزارەت هەبێت. هەروەها سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی لادانی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆك وەزیران، بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، لە کاتێکدا پێشتر ئەو وەزیرە متمانەی لە پەرلەمان وەرگرتووە. هەرچی بواری یاسادانانە سەرۆکی هەرێم بە تەنها دەسەڵاتی پێشنیازی پرۆژەی یاسا و بڕیاری هەیە بۆ پەرلەمان، دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا و بڕیار و تانەگرتنیشی هەیە، هەروەها لە نائامادەیی پەرلەماندا دەسەڵاتی دەرکردنی ئەو مەرسومانەی هەیە، کە خاوەن هێزی یاساین. لە بواری دادوەریش سەرۆکی هەرێم بەشدارە لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، لێبوردنی تایبەت و سوککردنی حوکمی لە سێدارەدان.

لە بواری سەربازیشدا، سەرۆکی هەرێم خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرە، ئەو دەسەڵاتانە لە سیستمی پەرلەمانیدا لە دەست ئەنجومەنی وەزیران دایە، هەرچی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە لەم بوارەدا زیاترە لە دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی تێکەڵاودا و نزیکدەبێتەوە لە دەسەڵاتی سەرۆکی دەوڵەت لە سیستمی سەرۆکایەتی[٨٧]. جێگەی سەرنجیشە سەرۆکی هەرێم ئەم دەسەڵاتانە بە کردەیی لە ڕێگەی خۆیەوە پەیڕەودەکات، لە کاتێکدا لە سیستمی پەرلەمانیدا پێویستە سەرۆکی دەوڵەت لە ڕێگەی وەزارەت و بوونی واژۆی سەرۆکی دەوڵەت لە پاڵ واژۆی سەرۆك وەزیران، یان وەزیری تایبەتمەند (توقیع مجاور) دەسەڵاتەکانی پەیڕەوبکات[٨٨].

لەگەڵ ئەو هەموو دەسەڵاتەی سەرۆکی هەرێم هەیەتی، هیچ جۆرە بەرپرسیارێتییەکی لەسەر شان نیە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە ماددەی (٦٢)ی پرۆژەکەدا لە حاڵەتی تۆمەتبارکردنی بە شکاندنی سوێندی دەستوری، یان پێشێلکردنی سامناکی دەستور، یان ئەنجامدانی خیانەتی گەورە لەلایەن (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان و بە تاوانبارداننانی لەلایەن (٥) پێنج ئەندام لە کۆی (٧) حەوت ئەندامی دادگای دەستورییەوە، لە پۆستەکەی لادەبرێت، ئەم کارەش ئەگەر نەکردە (مەحاڵ) نەبێت زۆر ئەستەمە، بەتایبەت کە زاراوەکانی (شکاندنی سوێندی دەستوری، پێشێلکردنی سامناکی دەستور، ئەنجامدانی خیانەتی گەورە) روون نین، کە چی دەگرنەوە، هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، سەرۆکی هەرێم ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، کە پێویستە راوێژ بە سەرۆکی هەرێم بکرێت لە کاتی دانانیاندا، دیاریش نیە ئەم راوێژەی سەرۆکی هەرێم چیە و چۆنە و تا چ ئاستێکە؟

لەبەرئەوە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دەسەڵاتە و نەبوونی بەرپرسیارێتیی سەرۆکی هەرێمدا، وا باشترە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بگوازرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کە بەرپرسیارە لەبەردەم پەرلەماندا، سەرۆکی هەرێمیش دەسەڵاتێکی پرۆتۆکۆلی پێبدرێت. دەشکرێت سەرۆك خاوەن دەسەڵاتی کردەیی و راستەقینە نەبێت، بەڵام ئەرکی خۆی بەجێبگەیەنێت وەك بەرزترین دەسەڵات و رەمزی وڵاتەکە، لە دادوەریکردنی نێوان دەسەڵاتەکان و پارتەکان بە شێوەیەکی بێلایەنانە،

---

[٨٧] بە پێی بۆچوونی زانایان (لاڤارێر، جیرو، بیردو) پێناسەی دروست بۆ سیستمی سەرۆکایەتی ئەوەیە کە تەرازووی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن بەلای سەرۆکەوە لاسەنگ بێت. د.عبدالحميد متولي، مصدر سابق، ص٣٠٠.

[٨٨] د. محسين خليل، مصدر سابق، ص٥٦٤.

هەروەك رۆڵی هەبێت لە راگرتنی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان، ئەویش بە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتە مەعنەوییەکانی لە رێنوێنی و ئامۆژگاری، بە مەبەستی راگرتنی ئۆقرەیی و خێری وڵاتەکە[٨٩].

**دەرەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، توێژەر بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

١. شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ئەو دەسەڵاتە فراوانەی لە بوارەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری و سەربازی پێیدراوە، لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی ناگونجێت، بەڵکو سیستمی حکومڕانیی هەرێمی کوردستانی کردووە بە سیستمێکی پەرلەمانیی لادەر، لە هەندێ حاڵەتیشدا لە سیستمی سەرۆکایەتی نزیکیکردۆتەوە.

٢. سەرۆکی هەرێم کۆمەڵێ دەسەڵاتی لە بواری جێبەجێکردن پێدراوە، تای تەرازووی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی بە لای سەرۆکدا لاسەنگکردووە، هەروەها سەرۆك راستەوخۆ دەسەڵات پیادەدەکات، لە کاتێکدا لە سیستمی سەرۆکایەتیدا سەرۆك دەسەڵاتەکانی لە رێگەی وەزارەت یاخود تەنیشتە واژۆ (توقیع مجاور) پیادەدەکات.

٣. سەرۆك شانبەشانی پەرلەمان متمانەدەداتە ئەندامانی کابینەی وەزارەت، ئەمەش ناکۆکە لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی، کە وەزارەت تەنها متمانە لە پەرلەمان وەردەگرێت، هەروەها سەرۆك دەسەڵاتی لادانی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆك وەزیران، لە حاڵێکدا لە سیستمی پەرلەمانیدا وەزیر متمانە لە پەرلەمان وەردەگرێت و هەر پەرلەمانیش دەتوانێ متمانەی لێوەربگرێتەوە.

٤. سەرۆکی هەرێم لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوریدا رۆڵ و کاریگەری هەیە، ئەمەش دژیەکە لەگەڵ پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا.

٥. سەرەڕای بوونی دەسەڵاتێکی زۆر لای سەرۆکی هەرێم، بەڵام لە بەرامبەردا هیچ بەرپرسیاریەتێکی لەسەر شان نیە، مەگەر دادگای دەستوری، دوای تۆمەتبارکردنی بە شکاندنی سوێندی دەستوری، یان پێشێلکردنی سامناکی دەستور، یاخود ئەنجامدانی خیانەتی گەورە، لەلایەن (٢/٣) دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، بە دەنگی (٥) پێنج ئەندام لە کۆی (٧) حەوت ئەندامی دادگاکە بە تاوانبار دایبنێ، ئەمەش کارێکی نزیکی مەحاڵە، چونکە تا ئێستا مانای زاراوەکانی (شکاندنی سوێندی دەستوری، پێشێلکردنی سامناکی دەستور، ئەنجامدانی خیانەتی گەورە) روون نین، هەروەها سەرۆکیش کاریگەری بەسەر ئەندامانی دادگاکەوە هەیە، کاتێك ئەو ئەندامانە بە راوێژی ئەو دەپاڵێورێن.

[٨٩] د. السيد الصبري، مصدر سابق، ص١٩٥.

## راسپاردەکان

پێویستە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ماددەی (١)ی پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان- عیراق بگونجێنرێن، کە سیستمی حکومڕانیی هەرێمی بە پەرلەمانی ناساندووە، ئەویش لە رێگەی:

١. گۆڕینی شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، لە هەڵبژاردنی راستەوخۆوە بۆ هەڵبژاردنی لەلایەن پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، یان دەستەیەکی هەڵبژێردراو بۆ ئەو مەبەستە، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەو دەستەیە هەڵبوەشێتەوە، بەمەش هەم دەسەڵاتی سەرۆك سنورداردەکرێت، هەم سەرۆك لە ژێر کاریگەریی پەرلەماندا نابێت و رۆڵی دادوەری و چاودێری و رێنوێنی دەسەڵاتە گشتییەکان لە هەرێمدا دەبینێت.

٢. لابردنی بڕگەی چوارەم لە ماددەی (٧٠)ی پرۆژەدەستورەکە، کە تایبەتە بە پەسەندکردنی ئەندامانی وەزارەت لەلایەن سەرۆکەوە، پێویستە ئەم دەسەڵاتە تەنها لای پەرلەمان بێت.

٣. لابردنی بڕگەی شەشەم لەماددەی (٦٥)ی پرۆژەکە، کە سەرۆك دەسەڵاتی لابردنی وەزیری هەیە لەسەر پێشنیازی سەرۆك وەزیران، پێویستە ئەم دەسەڵاتە تەنها لای پەرلەمان بێت.

٤. لابردنی بڕگەی یازدەهەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەکە، کە تایبەتە بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆکەوە، پێویستە سەرۆك وەزیران ئەم کارە بکات.

٥. گواستنەوەی دەسەڵاتی جاڕدانی باری نائاسایی (بڕگەی هەشتەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەکە) بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

٦. بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٥) ی پرۆژەکە هەمواربکرێت و سەرۆك بە هاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیاسا و پرۆژەبڕیار پێشکەشی پەرلەمان بکەن.

٧. لابردنی بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٦٥)ی پرۆژەکە، کە سەرۆك دەسەڵاتی مەرسومی خاوەن هێزی یاسایی هەیە.

٨. ماددەی (٩٢) بڕگەی دووەم لە پرۆژەکە هەمواربکرێت، بە شێوەیەك کە ئەندامانی دادگای دەستوری بە تەنها لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری بپاڵێورێن، بەبێ راوێژی سەرۆکی هەرێم.

٩. ماددەی (٦٠) بڕگەی یەکەم هەمواربکرێت و سەرۆکی هەرێم تەنها بۆ مەبەستی پرۆتۆکۆڵی و لە کاتی بۆنەکاندا فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە بێت، دەسەڵاتی فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە بگوازرێتەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب


١. د. ابراهيم أبو خزام، الوسيط في القانون الدستوري، ط٢، دارالكتاب الجديد المتحدة، بيروت ٢٠٠٢.

٢. د. السيد الصبري، مبادىء القانون الدستوري، ط٤، القاهرة، ١٩٤٩.

٣. د. ثيشةوا حميد عبدالله، المسؤولية السياسية للسلطة التنفيذية في النظام البرلماني، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣.

٤. خاموش عمر عبدالله، تأثير قوانين الطواريء على حريات الأفراد في الدساتير"دراسة مقارنة"، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.

٥. دانا عبدالكريم سعيد، حل البرلمان وأثاره القانونية على مبدأ استمرارية أعمال الدولة، ط١، المؤسسة الحدية للكتاب، طرابلس– لبنان، ٢٠١٠.

٦. د. زهير شكر، الوسيط في القانون الدستوري، ج١، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية(النظرية العامة والدول الكبرى)، ط٣، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، دون مكان الطبع، ١٩٩٤.

٧. د. سعيد السيد علي، حقيقة الفصل بين السلطات في النظام السياسي والدستوري للولايات المتحدة الأمريكية، بدون مكان الطبع، ١٩٩٩.

٨. د.عبدالحميد متولى، القانون الدستوري والأنظمة السياسية، ج١، ط٤، دار المعارف، بدون مكان نشر، ١٩٦٦.

٩. د.عبدالغني بسيوني عبدالله، سلطة ومسؤلية رئيس الدولة في النظام البرلماني، ط١، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٥.

١٠. د. عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم سياسية، ط٤، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٢.

١١. د. عبدالكريم علوان، النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٨.

١٢. د.عصام أحمد عجيلة و د.محمد رفعت عبدالوهاب، النظم السياسية، ط٥، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٢.

١٣. د. كاظم المشهداني، النظم السياسية، مطابع دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٩١.

١٤. لطيف مصطفى أمين، مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقيها في الدساتير العراقية، منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني، سليمانية، ٢٠٠٧.

١٥. د. محسين خليل، القانون الدستوري والنظم السياسية، بدون مكان نشر، ١٩٨٧.

١٦. د. محمد عبدالحميد أبو زيد، توازن السلطات ورقابتها، دار النسر الذهبي للطباعة، القاهرة، ٢٠٠٣.

١٧. د. محمد عمر مولود، فيدراليەت و دەرفەتی پیادەکردنی لە عیراقدا، وەرگێڕانی: د. محمد عومەر مەولود و د. عومەر ئیبراهیم عەزیز، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

**دووەم : نامەی زانکۆیی**

١٨. لطيف مصطفى أمين، العلاقة بين رئيس الدولة و رئيس الوزراء في النظام البرلماني، أطروحة دكتوراه مقدمة الى مجلس كلية القانون والسياسة بجامعة السليمانية، ٢٠١٠.

١٩. فالا فريد ابراهيم، حماية الحقوق والحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية والجنائية للسلطة التنفيذية"النظام البرلماني نموذجاً"، أطروحة دكتوراه مقدمة إلى كلية القانون والسياسة بجامعة صلاح الدين– أربيل، ٢٠٠٨.

**سێیەم : دەستور و یاساکان**

٢٠.دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ١٧٨٧.

٢١. دەستوری سویسرای فیدراڵی ١٨٧٤.

٢٢.دەستوری فرەنسا ١٩٥٨.

٢٣.دستوری کۆماری عێراق ٢٠٠٥.

٢٤.پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق ٢٠٠٩.

٢٥.یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم).

**چوارەم : سەرچاوەی ئەلکترۆنی**

٢٦. ٩D%٨٤%٩D%٨٣%٩D%٨٦%٩D%٧A%٨D%١B%٨D%٨١%٩http://ar.wikipedia.org/wiki/%D
AA%٨D%٨٤%٩D%٨١%٩D%٢B%٨D%٨٨%٩D%١B%٨_%D٨٦%٩A%D٨%. فرانكلين رۆسڤێلت

٢٧. ٨AA%D%٨A_%D٨%٩D%١B%٨D%٧A%٨D%٨٧%٩http://www.marefa.org/index.php/%D
٨٦%٩D%٧A%٨D%٨٥%٩D%٨٨%٩D%١B%. هاری ترومان

٢٨. ٩٢٨٥١١٦fc٠-fb٥٤a٩-١٠a٤-٨f٧٤-٠٥٠١٧٧٥http://www.aljazeera.net/specialfiles/pages/c.
لیندون جونسون

٢٩. ٨%٩AF%D%٨_%D٨٤%٩D%١B%٨D%٧A%٨D%٤B%٨http://www.zuhlool.org/wiki/%D
٨٤%٩D%٨٨%٩BA%D%٨A%D. چارل دیگول

٣٠.کوێستان محەمەد، پڕۆسەی نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان، وۆرکشۆپێك سەبارەت بە (پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان)، رۆژی شەممە ٢٠١٣/٥/٢٥ هۆڵی هۆتێل مەم و زین لە سلێمانی.
١&AspxAutoDetectCookieSupport=٤&LinkID=٢٠٨٥٦http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=

٣١. د.لەتیف شێخ مستەفا، لادان لە سیستمی پارلەمانی لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمدا(١)،
٢٠٣&AuthorID=٨٣٠http://sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=.

٣٢. د.شێرکۆ کرمانج، سیستمی سەرۆکایەتی یان سیستمی پەرلەمانی، کوردستان و هەڵبژاردنی سیستمی سیاسی،
٢FSY١NGN١swU٠BZnKQ٦QAcws٠B٠https://drive.google.com/a/raparinuni.org/file/d/
M/view?usp=sharing

## پوختە

پرۆژەدەستوری هەرێمی کوردستان– عێراق، کە لە ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەرلەمانی کوردستان پەسەندیکرد، تا ئێستا لە راپرسییەکدا نەخراوەتە بەردەم هاولاتیانی هەرێم بۆ دەنگدان لەسەری، کۆمەڵێ دەسەلاتی فراوانی لە بوارەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری، سەربازی بەخشیوەتە سەرۆکی هەرێم، لە بەرامبەردا سەرۆك هیچ بەرپرسیارێتییەکی لەسەر شان نیە، ئەمەش بوەتە هۆی هاتنەئارای بیروڕای جیاواز لەسەر سیستمی حکومڕانیی هەرێم، هەندێك پێیانوایە، سیستمەکە سەرۆکایەتییە، بەلام هەندێکیتریش وایدەبینن، کە پەرلەمانییە، وەکچۆن لە ماددەی (١) پرۆژەکەدا وا دەقنووسکراوە.

توێژینەوەکە تاوتوێی دەسەلاتەکانی سەرۆك لە سیستمە جیاوازەکان و هەرێمی کوردستان دەکات و بەراوردیان دەکات، ئەمەش خاڵێکی گرنگە دەکرێت لە کاتی چاوخشاندنەوە بە پرۆژەکەدا سوودی لێوەربگیرێت، بە تایبەت بە پێی ماددەی دووەم لە یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەکە هەمواردەکرێتەوە.

توێژینەوەکە لە کۆتاییدا گەیشتۆتە چەند دەرەنجامێك، کە گرنگترینیان بریتین لە:

١. شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ناگونجێ لەگەڵ سیستمی پەرلەمانی، سیستمەکە لە پەرلەمانی دووردەخاتەوەو بەرەو سەرۆکایەتی، یان تێکەلاوی دەبات.

٢. سەرۆکی هەرێم دەسەلاتەکانی جێبەجێکردن راستەوخۆ پیادەدەکات، لە کاتێکدا لە سیستمە پەرلەمانییەکاندا سەرۆك لە رێگەی وەزارەت، یاخود تەنیشتەواژۆ (توقیع مجاور) دەسەلاتەکانی پیادەدەکات.

٣. سەرۆکی هەرێم فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە، کەچی لە سیستمە پەرلەمانییەکاندا ئەم دەسەلاتە لای سەرۆك وەزیرانە.

٤. سەرۆکی هەرێم رۆڵ و کاریگەری هەیە لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، ئەمەش پێچەوانەی پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەلاتەکانە.

بۆیە توێژەر ئەم خالانە راسپاردەدەکات:

١. پێویستە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بگۆڕدرێت، سەرۆکی هەرێم لە لایەن دەستەیەکی پێکهاتوو لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، یاخود دەستەیەکی هەڵبژێردراوەوە هەڵبژێردرێت.

٢. دەسەلاتە کردەییەکانی جێبەجێکردن لە سەرۆکی هەرێمەوە بگوازرێنەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٣. سەرۆکی هەرێم رۆڵی نەبێت لە دانانی ئەندامانی دادگای دەستوری، سەربەخۆیی دەسەلاتی دادوەریش بپارێزرێ.

٤. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە بێت، تەنها بۆ حاڵەتی پرۆتۆکۆڵی سەرۆکی هەرێم ئەم رۆڵە ببینێت.

## ملخص البحث

ان مشروع دستور الاقليم والذي تم تصديقه بتاريخ(٢٠٠٩/٦/٢٤) من قبل برلمان كوردستان، لم يجر الاستفتاء الشعبي بحقه ليصوت له مواطنو الاقليم، فقد اعطى هذا الدستور سلطات واسعة في مجالات: (التنفيذ، التشريع، القضاء، العسكري) لرئيس الاقليم، وفي المقابل لاتوجد مسؤولية على كاهله، مما ادى ذلك الى نشوء اختلاف الرأى بصدد نظام الحكم في الاقليم، فيرى البعض بانه نظام رئاسي، ويرى بعض آخر بانه نظام برلماني كما نصت المادة(١) من المشروع.

يتطرق البحث لسلطات الرئيس في الانظمة المختلفة من جهة واقليم كوردستان من جهة اخرى وكذلك مقارنتهم مع بعض.

وهذه نقطة مهمة من الممكن الاستفادة منها لدى مراجعة المشروع، لاسيما بعدما اقرت المادة الثانية من قانون رقم(١٩) لسنة (٢٠١٣) لبرلمان اقليم كوردستان بتعديل المشروع.

وفي الخاتمة تم التوصل الى مجموعة من الاستنتاجات، اهمها:

١. لاتتناسب طريقة انتخاب رئيس الاقليم مع النظام البرلماني، حيث تبعده باتجاه النظام الرئاسي أو المختلط.

٢. يمارس الرئيس سلطاته التنفيذية مباشرةً، الا انه في النظم البرلمانية ان الرئيس يمارسها عبر الوزارة أو توقيع المجاور.

٣. ان الرئيس قائد عام للقوات المسلحة، في حين ان في النظم البرلمانية ينفرد رئيس الوزراء بهذا المنصب.

٤. للرئيس دور في اختيار اعضاء المحكمة الدستورية، وهذا ما يخالف مبدأ الفصل بين السلطات.

**وعليه يقوم الباحث بالتوصيات الآتية:**

١. لابد من تعديل طريقة انتخاب الرئيس، بحيث ان يتم اختياره من قبل اعضاء البرلمان و اعضاء مجلس المحافظات الاقليم أو من قبل هيئة مختارة.

٢. انتقال السلطات التنفيذية الفعلية من رئيس الاقليم الى رئيس مجلس الوزراء.

٣. الا يكون للرئيس دور في اختيار اعضاء المحكمة الدستورية، مع الحفاظ على استقلال السلطة القضائية.

٤. ان يكون رئيس مجلس الوزراء قائداً لقوات البيشمركة، وان يحتفظ رئيس الاقليم بهذا الدور للحالة التشريفية فقط.

## Abstract

The Iraqi Kurdistan constitution project approved by Kurdistan Parliament on 24 June 2009 has not been surveyed among people to vote for or against it thus far. The constitution grants the President of Kurdistan Region several extensive executive, legislative, judicial and military powers in return the President does not shoulder any responsibility.

Due to the above mentioned fact, people have different views and interpretations on the authoritative system of Kurdistan Region. Some define it as a presidential system but in the eyes of others it is a parliamentary system as it is written in article (1) of the project. The research scrutinizes the powers of the President in the different systems and Iraqi Kurdistan. It makes a comparison between them . This is an important step which can be taken into consideration. In accordance with the article (2) of item (19), the Kurdistan Parliament can amend the project in 2013.

The researcher reaches to some conclusions, most importantly including the following:

1-The electoral system of the President of Kurdistan Region is not compatible with parliamentary system.
This system separates it from parliamentary system and it makes it presidential system or the mixture of the two systems.

2-The President of Kurdistan Region exercises the executive power directly. Meanwhile, the President can use his power only via a ministry or via writing his signature next to the name of the ministers in parliamentary system.

3-The President is the General Commander of military forces. Meanwhile this power can only be exercised by the President of Government in parliamentary system.

4-The President of Kurdistan Region has a vital role in electing the members of constitutional court. This is the reverse of the principles of separating powers.

On the basis of the conclusion drawn above, the following recommendations are made:

1-The electoral system of the President of Kurdistan Region should be altered. The President should be elected by a committee formed from the parliamentary members and Kurdistan Provincial Council members or by an elected committee.

2-The executive power of the President of Kurdistan Region should be transferred to the President of Government.

3-The President of Kurdistan Region should not have role in electing the members of constitutional court and he should protect the independence of judicial power.

4-The President of Government needs to be the General Commander of military forces. The president of Kurdistan Region can take this role only in protocols.